دێموکراسی بۆ ئێـــران خودموختاری بۆ کوردستـــان

کوردستان

پۆڵ وۆلفۆیتز بە سەردانێکی تایبەت گەیشتە کوردستانی عێراق و لەگەڵ مام جەلال تاڵەبانی و کاك مەسعوود بارزانی دیدارو چاوپێکەوتنی کرد

پێنج شەممۆ، ١٧ی ژوئەن: لە چوارچێوەی سەردانێکی ڕەسمیداو بە مەبەستی دڵنیایی دان و ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانییانەی دوای بڕیاری ١٥٤٦ی ئەنجوومەنی هێمنایەتی بۆ بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستان دروست ببوو، پۆڵ وۆلفۆیتز جێگری وەزیری بەرگریی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی هەیئەتێکی دەوڵەتی ئەمریکا گەیشتە کوردستان.

وۆلفۆیتز لە دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ هەیئەتی سەرکردایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دا کە مام جەلال سەرۆکایەتیی دەکرد، وێڕای گوێڕاگرتن بۆ بیروڕای مام جەلال سەبارەت بە داهاتووی سیاسیی کورد لە عێراق داو پرۆسەی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوك، تەئکیدی لەسەر نەخشو پێگەی کورد لە داهاتووی عێراق دا کردەوەو، ڕایگەیاند: "لە عێراقی نوێدا نابێ مافی کورد وەلا بنرێو دەبێ لە عێراقێکی فیدراڵدا دەستەبەر بکرێ."

جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە دیدار لەگەڵ هەیئەتی سەرکردایەتی پارتی دێمۆکراتی کوردستانیش دا کە کاك مەسعوود بارزانی سەرۆکایەتیی دەکرد، وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر هاوپەیمانێتیی نێوان کوردو ئەمریکا گوتی: "ئێمە ئاگاداری هەموو ئەو کارەساتانەین کە بەسەر میللەتی کورددا هاتووەو بۆیە نابێ کورد بەرەو دواوە بگەڕێتەوەو ناشێ لە جێی خۆیان دا بوەستن." **سەرچاوە: ڕۆژنامەکانی "کوردستانی نوێ" و "خەبات"**

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

٣١ی جۆزەردانی ١٣٨٣ ٢٠ی ژوئەنی ٢٠٠٤ ژمارە ٣٩١ ١٥٠ تمەن

محەممەد ئەلبەرادعی دوابەدوای پەسندکرانی بڕیارنامەی ئاژانسی وزەی ناوکی:

جیهان دەبێ لە ئاشتیخوازانەبوونی بەرنامە ناوکییەکانی ئێران دڵنیا بێ

هەینی ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٨٣ــ ١٨ی ژوئەنی ٢٠٠٤

بەدوای پەسندکرانی بڕیارنامەی نوێی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی سەبارەت بە ئێران، محەممەد ئەلبەرادعی سەرۆکی گشتیی ئاژانس وتی: کۆمەڵگای جیهانی دەبێ لە ئاشتیخوازانەبوونی بەرنامە ناوکییەکانی ئێران دڵنیا بێ. ئەو ڕۆژی هەینی لە وتوێژ لەگەڵ هەواڵنێران دا گوتی: ئاژانس دەبێ دڵنیایی بە جیهان بدا کە تەواوی بەرنامە ناوکییەکانی ئێرانو تەواوی نێوەرۆکو چوارچێوەکەی ناسیوەو لە غەیرە نیزامیبوونەکەی دڵنیایی هەیە.

ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی لە بڕیارنامە نوێیەکەیدا سەبارەت بە کاتکوژی ڕاگەیاندنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی بە توندی ڕەخنەی لە ئێران گرت.

بڕیارنامەی ئاژانس، بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی پشکێنەرەکانی ئاژانسی ئەتۆمی سەبارەت بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران، هاوکاری نەکردنی تەواوی ئەو وڵاتەی بە خراپ زانیو داوای لە ئێران کرد هەرچی زووتر ڕەوتی هاوکارییەکانی خۆی لەگەڵ ئاژانس باش بکا.

بەوحاڵەش لەو بڕیارنامەیەدا ئۆلتیماتۆمێك دانەنراوە کە بتوانێ ببێتە هۆی سەپاندنی گەمارۆ لەلایەن شووڕای هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە دژی ئێران. نوێنەری ئەمریکا لە ئاخاوتنێکی توندا، تۆمەتەکانی ئەو وڵاتەی سەبارەت بە چالاکییە ناوکییەکانی ئێران دووپات کردەوەو داوای سپاردنی پەروەندەی ئەم وڵاتەی بە شووڕای هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری "میهر" کینت بریل لە دانیشتنی ڕۆژی هەینیی شووڕای دادوەرانی ئاژانس دا لە وییەن لە قسەکانیدا گوتی: مەبەستی ئێران لە وەدواخستنی ڕەوتی پێڕاگەیشتن بە پەروەندە ناوکییەکانی درێژەدانی چالاکییە ناوکییەکانیەتی لە بواری نیزامیو بەرهەمهێنانی

پارلمانی کوردستان دەنگی دا بە مانەوە لە دەوڵەتی ئینتیقالیی عێراق دا

سەرەڕای هەڕەشەی ڕێبەرانی کورد بە هاتنە دەرەوە لە دەوڵەتی ئینتیقالی بە نیشانەی نارەزایەتی لە بڕیارنامەی شووڕای هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، پارلمانی کوردستانی عێراق دەنگی بە درێژەدانی هاوکاری لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دا.

ڕێبەرانی کورد دوای پەسندکرانی بڕیارنامەی ئەم دواییانەی شووڕای هێمنایەتی سەبارەت بە گوازتنەوەی دەسەڵات بۆ عێراقییەکان، هەڕەشەی ئەوەیان کردبوو کە لە حکوومەتی نوێی عێراق دەکشێنەوەو لە هەڵبژاردن دا بەشداری ناکەن. سەرکردایەتیی هەردووك حیزبە سەرەکییەکەی کوردستانی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش دا کە ڕۆژی شەممۆ (١٢ی ژوئەن) پێکیان هێناو لەودا بڕیارەکەی شووڕای هێمنایەتییان تاوتوێ کرد، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە هەڵوێستی هاوبەشی خۆیان وەك بەرنووسی بڕیارێك بدەن بە پارلمان.

پارلمانی کوردستان لە دانیشتنی ڕۆژی یەکشەممۆ (١٣ی ژوئەن)یدا ئاماژەی بە بڕیارنامەکەی شووڕای هێمنایەتیی بە فیدرالیزمو ئەو گرەنتییانەی دەوڵەتی ئینتیقالی سەبارەت بە پابەندبوونی بە یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دابوونی، بە نیشانەی باش بۆ زامن کردنی وەزعی کورد زانی.

لەیلا زاناو سێ چالاکی سیاسیی دیکەی کورد ئازاد کران

وەشانی بەرنامەی کوردی لە تلویزیۆنی دەوڵەتیی تورکیە دەستی پێکرد

دوابەدوای دەرچوونی حوکمی دادگای پێداچوونەوە لە تورکیە چوار کەس لە نوێنەرانی پێشووی کورد لە پارلمانی ئەو وڵاتە ئازاد کران. لەیلا زانا، خەتیب دیجلە، سەلیم سادقو ئۆرهان دۆگان، چوار کەس لە نوێنەرانی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی تورکیە بوون کە پێنج ساڵ لەمەوبەر بە تۆمەتی لایەنگری لە PKK لە یەکێك لە زیندانەکانی ئانکارادا زیندانی کرابوون.

ئازادکردنی ئەو ٤ چالاکە سیاسییەی کورد لە چوارچێوەی ئەو ڕیفۆرمانەدایە کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە لە ژێر گوشاری یەکیەتیی ئورووپادا بە مەبەستی بوار خۆشکردن بۆ وەرگیران لەو یەکیەتییەدا دەستی پێکردوە.

شایانی باسە بڕیاری سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی دادگای هێمنایەتیی دەوڵەتو ئەو ئاسانکاریانەی لە یاسای سزادانی ئەو وڵاتەدا کراون، ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ ئەو بڕیارەی دادگای پێداچوونەوە.

لەلایەکی دیکەوەو لە چوارچێوەی ئەو ڕیفۆرمە سەرەتاییانەدا، دەوڵەتی ئەم وڵاتە ڕێگەی داوە بەرنامەیەکی کورت ماوە بە زمانی کوردی لە تلویزیۆنی دەوڵەتییەوە بڵاو بێتەوە.

داواکاری لە یەکیەتیی ئورووپا بۆ پێش گرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران

سەفەری هەیئەتی مافی مرۆڤی یەکیەتیی ئورووپا بۆ ئێران

وتەبێژی ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ:

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بەرپرسی یەکەمی سەرکوتە لە ئێراندا

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ بە ناردنی نامەیەك بۆ یەکیەتیی ئورووپا داوای کردوە تا ئەو یەکیەتییە بە هێنانی فشاری جیددی بۆ سەر ئێران پێش بە پێشێل کردنی مافە بنەڕەتییەکانو ئازادییە تاکەکەسییەکانو ئازادیی دەربڕین بگرێ.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری نێونەتەوەیی "ڕویداد" ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ ڕۆژی دووشەممۆ (١٨ی جۆزەردان) لە نامەکەی خۆیدا بۆ یەکیەتیی ئورووپا ڕایگەیاندبوو کە "سەرەڕای سێ ساڵ وتووێژی نێوان ئێرانو یەکیەتیی ئورووپا سەبارەت بە مافی مرۆڤ، تا ئێستا ئاکامێکی باش وەدەست نەهاتوەو ڕۆژنامەنووسانو ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی سیاسی لە بەندیخانە دان". لەو نامەیەدا هەروەها هاتوە: "مەسەلەی باشکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە وتووێژەکانندا بە هیچ کوێ نەگەیشتوەو تەنانەت پێشێل کردن زیاتریش بووە". سارا لی وینسۆن بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەم ڕێکخراوە گوتی: "نەبوونی دژکردەوەی ڕاستو بەجێ لەلایەن یەکیەتیی ئورووپاوە زۆر نیگەرانی خولقێنەو یەکیەتیی ئورووپا دەبێ پێشینەی ئێران لە ئەشکەنجەو گرتنی بێهۆی تێکۆشەرانی سیاسی مەحکووم بکا. حکوومەتی ئێران دەبێ وەلامدەری ئەو کردەوانەبێ.

لە ڕاپۆرتی ئەم ڕێکخراوەشدا وێڕای ئاماژە بەو بەڵگانەی بەدەستەوەن گوتراوە کە کۆماری ئیسلامی کردەوە سەرکوتکەرانەکانی دژی ڕەخنەگرانی ڕێژیم توندتر کردوەو بەردەوام مافەکانی بەندییەکان پێشێل دەکا.

چەند ڕۆژ دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ، هەیئەتێکی مافی مرۆڤی ئورووپا سەردانی ئێرانی کردو چوارەمین خولی وتووێژەکانی لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی پێك هێنا.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی بڵاو بوونەتەوە، یەکیەتیی ئورووپا پێکهاتن لەسەر پەرەپێدانی هاوکاریە ئیجاریو ئابووریەکانی لەگەڵ ئێران بە پێشوەچوون لە بواری چاك کردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ بەستۆتەوە.

له کۆبوونەوەی گرووپی ٨دا، گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە پەسندکرا



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممۆ (٧ی ژوئەن)، سی‌ویەکەمین کۆبوونەوەی گرووپی سەنعەتیی ٨ لە دوورگەیەکی بچووك کە لەلایەن هێزە هێمنیپارێزو گەشتییە ئاسمانیو دەریاییەکانی ئەمریکاوە بە توندی پارێزگاریی لێدەکرا، پێك هات.

کۆبوونەوەی ڕێبەانی گرووپی هەشت وڵاتی باڵای سەنعەتیی جیهان، کانادا، ئەمریکا، فەڕانسە، بریتانیا، ژاپۆن، ئیتالیاو ڕووسیە لە ئەیالەتی جۆرجیای ئەمریکا بە بەشداریی ژمارەیەکی دیکە لە ڕێبەرانی جیهان بەڕێوەچوو.

بەرنووسی کۆتایی جێگای ڕەزامەندی، هەڵگری هێندێك بابەت بوو کە قبووڵکرانی ئەوی بە بەراورد لەگەڵ گەڵاڵەیەك کە ئەمریکا پێشنیاری کردبوو بۆ ڕەخنەگران ئاسانتر کردبوو.

پەسندکرانی گەڵاڵەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەلایەن گرووپی هەشتەوە لە ڕیزی ئەولەویەتەکانی جۆرج بووش، سەرۆك کۆماری ئەمریکا بۆ ئەو دانیشتنە دابوو.

وڵاتانی ئەندامی گرووپی هەشت کە لە "سی ئایلەند"ی جۆرجیای ئەمریکا کۆبوونەوە، خوازیاری سەقامگیربوونی چاکسازیو جێگیریی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست دا بوون.

لە بەشێك لە بەیاننامەی وڵاتانی گرووپی هەشت دا هاتبوو: حەوت وڵاتی سەنعەتیو ڕووسیەو وڵاتانی عەرەبی دەبێ بە بردنەسەری ئاستی هاوکاریەکانیان لە پێناوی باشکردنی بارودۆخی ناوچەکە زیاتر لە پێشوو هەوڵ بدەن.

ئەندامانی گرووپی هەشت لە درێژەدا ئامادەیی خۆیان بۆ خەباتی هەمەلایەنە لەگەڵ دیاردەی تیرۆریسم ڕاگەیاند.

بەرلەوە لە دیدارو چاوپێکەوتنی ڕێبەرانی وڵاتانی ٨ لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسیی ئۆردۆن، تونس، ئەلجەزایر، تورکیە، بەحرێنو یەمەن دا سەبارەت بە ئاسایی‌کردنەوەی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وتووێژو بیروڕاگۆڕینەوە کرابوو.

سنە : بەرپرسی حەوتەنامەی "پیام مردم" دەسگیر کرا

ورمێ : بەرپرسی بڵاوکراوەی کوردیی "زیلان" بۆ کومیتەی چاوەدێریی چاپەمەنییەکانی زانستگە بانگ کرا

ڕۆژی شەممۆ ٢٦ی جۆزەردان خاوەن ئیمتیازو بەرپرسی حەوتەنامەی "پیام مردم" چاپی سنە دەسگیر کرا. یەکێك لە ئەندامانی شووڕای سەرنووسەریی حەوتەنامەکە ڕۆژی چوارشەممۆ بە هەواڵنێری ئیرنای گوت: محەممەد سەددیق کەبوودوەند بۆ خستەڕووی ڕوونکردنەوە چووبوە کەرتی یەکی دادگای گشتیی [ئوستانی] کوردستان، کە لەلایەن قازی عینایەتەوە دوای پێڕاگەیاندنی ئەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵی دەسگیر کرا.

ئیجلال قەوامی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: شێواندنی بیروڕای گشتی، هێنانەگۆڕی بابەتی قەومی، جیاییخوازانەو مەزهەبی بە مەبەستی ئاژاوەنانەوە، چاپکردنی بابەت سەباەرت بە قازی محەممەدو ئۆجەلانو چاپی بەیاننامەی هاوبیرانی موفتیزادە لەو تۆمەتانەن کە دراونەتە پاڵ کەوبوودوەند.

لە ورمێ: بەرپرسی بڵاوکراوەی کوردیی "زیلان" بە هۆی لەبەرچاو نەگرتنی شێوازی بڵاوکراوەی خوێندکاری زانستگەی ورمێ لە بوارەکانی چاپ نەکردنی زیاتر لە ٢٠ لە سەدی بابەتەکان بە زمانی فارسیو چاپی بابەت بە پیتی لاتین بۆ خستنە ڕووی تێبینیو داکۆکی بانگ کراوەتە کومیتەی چاوەدێری بڵاوکراوەکانی زانستگە.

کورتەی چەند هەواڵ

سەقز: هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کچانو ژنان بە تاوانی بەدحیجابی ئازار دەدەن.

سەلماس: بە هۆی تەقەکردنی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە ماشێنێکی نەفەرهەڵگر کەسێك دەکوژرێو دوو کەس بریندار دەبن.

سەردەشت: ژمارەیەك لە کاسبکارانی ناوچە بەرەنگاری هێزەکانی ڕێژیم دەبنەوە.

شنۆ: لە ئاکامی بارینی بارانێکی زۆردا لافاو هەڵدەستێ.

مەریوان: جاشێك تەقەی لێ دەکرێو دەکوژرێ.

٢ نیگەرانیی هاوبەشی وڵاتانی ئورووپاییو ئەمریکا بەرانبەر بە بەرنامە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی

٣ کورد لە داهاتووی عێراقدا

٤ کردەوەی شەهادەتخوازانە یا تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران؟

٤ مەجلیسی شەشەمو کۆتایی کارەکانی

٨ کێشەی نەتەوایەتیو شوێنی لە جیهانی نوێدا

٩ کورد، عەقڵانییەتی هزریو عەقڵانییەتی ئامێری

"دنیای منداڵان" ژمارە ٢٤

نیگەرانیی هاوبەشی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا بەرانبەر بە بەرنامە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامی

رێبەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی کە چەند ساڵە بە شێوەیەکی نهێنیو بەدوور لە چاوی رێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی خەریکی خۆتەیارکردن بە چەکی ئەتۆمین، لەم دوو ساڵەی دوایی‌دا بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتوونە ژێر فشارو هەرجارەی بە جۆرێك هەوڵی حاشاکردن لە چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆیان دەدەنو وا نیشان دەدەن کە هەموو دامەزراوە ئەتۆمییەکانیان بۆ مەبەستی دابینکردنی وزەی ناوکی بەکار دێننو هەرگیز لە بیری دەست وێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی‌دا نەبوون. بەڵام لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی دەرخست کە شوێنەواری ئۆرانیۆمی دەوڵەمەندکراو، ئەویش تا رادەیەکی سەرنجڕاکێش بەسەر کەلوپەلی دامەزراوە ناوکییەکانی رێژیمەوە دیارەو ئەوەش نیشان دەدا کە رێبەرانی رێژیم بە پێچەوانەی ئیدیعاکانیانو بە شێوەیەکی جیددیو بەربڵاو لە فیکری دەست وێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی دان.

هەوڵی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی ناتوانێ لەلایەن وڵاتانی رۆژئاوایییەوە بە جیددی لەبەرچاو نەگیرێ، چونکە ئێران لە ناوچەیەکی ئاستەم‌و پڕکێشەی وەك رۆژهەڵاتی نێوەراست‌دا هەڵکەوتوەو رێژیمی کۆماری ئیسلامییش وەك رێژیمێکی سەرەڕۆ، ئاژاوەگێڕ، تیرۆریست‌و نەگونجاو لەگەڵ رۆحی سەردەم، ناوی دەرکردوەو دەست وێڕاگەیشتنی رێژیمێکی لەم بابەتە بە چەکی ئەتۆمی دەتوانێ مەترسیی زۆر گەورەی نەتەنیا بۆ ناوچەکە بەڵکوو بۆ هەموو جیهان لێ بکەوێتەوە.

ئەو مەترسییە جیددییە زۆر بە توندی لەلایەن وڵاتانی جیهان بە تایبەت رۆژئاوایییەکانەوە تاقیب دەکرێو هەر بۆیەش هەرجارە گۆشەیەکی لێ لەقاو دەدرێو لایەنە جۆراوجۆرەکانی چالاکییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا ئاشکرا دەکرێن.

رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتاوەو پاشانیش بەدوای ناچاربوون بە درکاندنی گۆشەیەکی بچووکی راستییەکانی پێوەندیدار بە چالاکییە ناوکییەکانی، تاوانی فشار بۆ خۆی زیاتر دەخستە سەر ئەمریکاو وای دەنواند کە ئەوە دوژمنکاریی ئامریکایە کە تۆمەتی دەست وێڕاگەیشتنی بە چەکی ئەتۆمیی وەپاڵ دەدرێ. بەو حاڵەش لە ژێر فشارو لەقاوداندا ملی بۆ مۆرکردنی پەیمانی قەدەغەبوونی پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی داو لەو بارەوە لەو بڕوایەدا بوو کە بە مۆرکردنی ئەو پەیماننامەیە فشاری ئەمریکا لەسەر خۆی دوور دەخاتەوەو لە هەمان کاتیش‌دا بە یارمەتیی وڵاتانی ئورووپایی کارو چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆی درێژە دەداو ئەوەی پێشتر بە نهێنی ئەنجامی دەدا، ئەمجارە بێ‌ترس‌و دوودڵی بە ئەنجامی دەگەیەنێ.

هەڵوێستی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی‌و بەردەوامبوونی لە لێکۆڵینەوە لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران هێندێ راستیی دیکەو نهێنیی زیاتری ئاشکرا کردن کە نەتەنیا نیگەرانیی ئەمریکای بەرەوژوور برد، بەڵکوو وڵاتانی ئورووپاییشی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان هاوەدەنگ کردو هێنانییە سەر ئەو باوەڕە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە قسەو کردەودا ناڕاست‌و بێ‌بەڵێنەو ناکرێ ئیعتیماد بە قەولو قەرارو تەنانەت پەیمان مۆرکردنەکانیشی بکرێ. بۆیە وڵاتانی فەڕانسە، بریتانیاو ئەڵمان کە کۆماری ئیسلامی زۆر بە لایەنگریی ئەوان لە خۆیو راوەستانیان لە بەرامبەر فشاری ئامریکادا دڵخۆش بوو، لەم دوایانەدا گەڵاڵەی بڕیارێکی هاوبەشیان بۆ تەسلیمکردن بە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ئامادە کرد کە لەودا هەم رەخنەیان لە نهێنیکاریی‌یەکان‌و حاشاکردنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرتەوەو هەم نیگەرانیی خۆیان لە هەوڵەکانی ئەو رێژیمە بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی دەربڕیوە. ئەوەش سەرەڕای ئەوەیە کە مەترسیی سپاردنی پەروەندەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامی بە بەرزترین ناوەندی پێڕاگەیشتن بەو جۆرە مەسەلانە هەر لە گۆڕێدایە.

هەڵوێستی ئەم دوایانەی سێ وڵاتی وەك فەڕانسە، بریتانیاو ئەڵمان لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوتی ناسادقانەی کۆماری ئیسلامی‌و شاردنەوەی راستییەکانی پێوەندیدار بە چالاکییە ناوکییەکانی، بۆ رێبەرانی رێژیم، هەم شتێکی دوور لە چاوەڕوانی بوو و هەم دەتوانێ بۆ ئەو رێژیمە ئاکامی خراپی لێ بکەوێتەوە. بە تایبەت کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ هاوەدەنگی‌و هاوهەنگاویی ئورووپاییەکان لەگەڵ ئەمریکا بەرانبەر بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆی بە کەم بگرێو بە هاسانی لێی دەرباز بێ بەتایبەت کە خۆی باشتر لە هەرکەس‌و لایەنێکی دیکە دەزانێ لەو بارەیەوە پاشەڵی چەندە پیسەو چۆن بەرەبەرە حاشاکردنەکانی وەدرۆ دەکەونەوەو نهێنیکاریی‌یەکانی لێ ئاشکرا دەبن.

هاودەنگی‌و یەك هەڵوێستی‌یەکەی ئەم دوایانەی سێ وڵاتی گەورەی ئورووپایی لەگەڵ ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەو چالاکییە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی دەربڕی ئەو نیگەرانییە قووڵەیە کە وڵاتانی خاوەن نفوز لە کۆماری ئیسلامییان هەیەو هەست کردن بەو مەترسییە جیددییە کە لە دەست وێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی ئەتۆمی دێتەئاراوە.

وێ ناچێ کۆماری ئیسلامی لەو هەلومەرجەدا لەوە زیاتر بتوانێ گاڵتە بە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی‌و ئەو نیگەرانییە بکا کە وڵاتانی رۆژئاوایی لە بەرنامەو چالاکییە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی بە حەق هەیانە.

❊❊❊

لەیلا زانا، ژنە کوردێك کە بە مزگێنیی بەهارەوە هاتەدەر!

کەریم پەرویزی

رۆژی چوارشەمە ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی‌هەتاوی، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی زمانی شیرینی کوردی لە کانااڵە دەوڵەتییەکانی تورکیەوە، هەواڵێکی خۆش سەرتاسەری کوردستانی داگرت: لەیلا زانا، ژنە قارەمانی کوردو سێ پارلمانتێری دیکەی بەندکراو لە تورکیە ئازاد کران! بە هەزاران نەفەر لەبەر دەرگای بەندیخانەی ئانکارا ئاپۆرەیان بەستبوو و چاوەڕێی هاتنەدەری ئەو ژنە کوردەو هەڤاڵەکانی بوون کە دە ساڵ پێش‌و بە تاوانی پەیڤێن بە زمانی کوردی لە پارلمانی ئەو وڵاتە دەسبەسەرکران‌و ١٥ ساڵ زیندانیان لەلایەن دادگای ئاسایشی تورکیەوە بۆ بڕایەوە.

لەیلا ساڵی ١٩٦١ لە دێیەکی دەوروبەری ئامەد هاتە دونیاوە. هەر لە منداڵییەوە دژی ئەو نەریتە کۆن‌و دواکەوتوانە بوو کە دەست‌و پێی مرۆڤو بە تایبەت ژنانیان دەبەستەوەو رازی نەبوو کە ئەو سەرپۆشە کە ساڵەهای ساڵە لە سەری ژنان کراوە، بەسەرخۆی‌دا بدا. هێشتا منداڵ بوو و نەگەیشتبووە تەمەنی یاسایی کە لەبەر هرووژم‌و هێرشی نەریتە کۆنەکان‌دا خۆی بۆ رانەگیراو لە تەمەنی چواردە ساڵی‌دا بە زۆر درا بە شوو. مێردەکەی پووزرزاییێکی خۆی بەناو مەهدی زانا، سیاسەتمەدارێکی کورد بوو کە ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن خەڵکی ئامەدەوە بۆ سەرۆکی شارەوانیی ئەو شارە هەڵبژێردرا. مەهدی زانا مرۆڤێکی ئازادیخوازو کوردێکی نیشتمانپەروەرە کە دەسەڵاتی فاشیستیی تورکیە ئەوی بۆ تەحەمول نەدەکرا، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٠ بەدوای کودەتای سەربازییەوە کە ئەرتەش دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت‌و دەستیان دایە کوشتوبڕی ئازادیخوازان‌و بەتایبەت نیشتمانپەروەرانی کورد، مەهدی زاناش گیراو بە ٣٠ ساڵ زیندان مەحکووم کرا.

لە کاتی گیرانی مەهدی‌دا،لەیلا تەنیا ١٩ ساڵی تەمەن بوو و خاوەن منداڵێکی چەن ساڵانە بوو. بە گیرانی مەهدی، لەیلا زاناش تووشی ئاوارەیی‌و دەربەدەری بوو و بە گوێزرانەوەی مەهدی لەم زیندانەوە بۆ ئەو زیندان، لەیلاش ئەم شارو ئەو شار بەدوای‌دا لە هاتوچوودا بوو. لەیلا لە کاتی منداڵی‌دا بە هۆی دەسکورتیی بنەماڵەکەی‌و دواکەوتوویی خەڵکی ناوچەکە، هەلی خوێندنی بۆ نەرەخسابوو، بەڵام دوای ئاشنابوون لەگەڵ مەهدی‌داو ئاشنابوون لەگەڵ ژیانی سیاسی‌داو بە تایبەت دوای گیرانی مەهدیی هاوسەری‌و گەڕانی لەیلا لەم شارەوە بۆ ئەو شارو هەست کردن بەو رادەیە لە زوڵم‌و ستەمی دەوڵەتی تورکیەو دواکەوتوویی‌و بندەستیی گەلەکەی، وەدوای خوێندن کەوت‌و جگە لە خوێندنی رەسمی، خەریکی خوێندنەوەو خۆپێگەیاندنیش بوو. هاوکات لەگەڵ ئێش‌و ئازارەکانی گەلەکەی‌دا دەژیاو بە تایبەت لە نێو بنەماڵەو کەسوکاری زیندانییەکان‌دا سیاسییەکان‌دا خۆشەویستی‌یەکی زۆری پەیدا کردبوو تا ئەو رادەیە کە بوو بە وتەبێژو دەمڕاستی ئەوان لە بەرامبەر دادگاو دەوڵەت‌دا. ئەم خوێندنەو خۆپێگەیاندنانە بەرەبەرە کەسایەتی‌یەکی ئازادیخوازو لایەنگری رێزگرتن لە مافی مرۆڤیان لەو ژنە دروست کردو لە کاروباری سیاسیش‌دا بکرێ، بەڵام لەیلای خەباتگێڕ حازر نەبوو دەست لە ئامانجەکانی هەڵبگرێ‌و ئازادیی ئەو بە بیانووی باری تەندروستی‌یەوە بێ‌و بە تەنیاش ئازاد بکرێ.

دوای ماوەیەکی زۆر سەرکوت‌و کوشتن‌و بڕین‌و نکۆڵیکردن لە بوونی کورد! لەلایەن دەوڵەتی تورکیەوەو لەژێر فشاری یەکیەتیی ئورووپادا کە تورکیە ساڵهایە دەیەوێ ببێتە ئەندامی، تورکیە دانی نا بە بوونی کورد لەوێ‌داو بڕیار درا کە لە تەلەڤزیۆنی دەوڵەتیی تورکیەوە بە زمانی کوردی بەرنامە بڵاو بکرێتەوە.

یەکەمین وەشانی کوردیی TRT هاوکات بوو لەگەڵ ئازادکرانی لەیلا زاناو هاوڕێکانی‌دا. لەیلا زانا لە کاتی هاتنە دەرەوە لە بەندیخانەو لە بەرامبەر ئاپۆرەی هەزاران کەسیی خەڵکدا، پەیامی ئاشتی‌و ئازادیخوازیی بۆ گەلەکەی‌و خەڵکی تورکیە هێناو بەڵێنی بە گەلەکەی‌دا کە هەروا کە ئەوان پاڵپشت‌و دنەدەری ئەو بوون لە کاتی زیندانیبوونی‌دا، ئەویش دەس لە ئامانجەکانی هەڵناگرێ‌و تا چەسپاندنی مافەکانی گەلەکەی‌و هێنانەدیی ئاوات‌و خولیاکانیان، درێژە بە خەبات‌و تێکۆشانی ئاشتیخوازانەو ئازادیخوازانە بدا.

ئازادبوونی لەیلا زاناو هاوڕێکانی لە زیندان بۆ هەموو ئازادیخوازانی جیهان‌و بە تایبەت بۆ خەڵکی کوردستان بوو بە مایەی خۆشحاڵی‌و پێشوازی لێکردن. وێڕای پیرۆزبایی گووتن بە لەیلا زاناو هاوڕێکانی سەرکەوتنی زیاترو ئازادییەکی پتریان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

❊❊❊

بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

هەواڵەکانی کوردستان

ورمێ:

مانگرتنی کرێکاران

ڕۆژی شەممە ١٦ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی، هەزاران کەس لە کرێکارانی شارەکانی ورمێ، شنۆ، پیرانشارو سەردەشت کە لە کوورەخانەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کرێکاری دەکەن، لەبەر دەرکی ئیدارەی کاری ورمێ دەستیان بە مانگرتن کرد. هۆی ئەو مانگرتنە، سەرنجنەدان بە وەزعی کرێکاران و دواکەوتنی حەقدەستی ئەوان لەلایەن خاوەن کوورەخانەکانەوە بوو کە پاش چەند جار سکاڵاو داواکاری، گوێیان پێ دەدرا.

سەردەشت:

تێکهەڵچوون لە نێوان کاسبکاران و هێزەکانی ڕێژیمدا

ڕۆژی دووشەممە ١٨ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی، هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچە سنووریەکانی شاری سەردەشت بە مەبەستی تاڵان و ڕاوڕووتی کاسبکاران، هێرشیان بردە سەر بازاڕی "گۆرمێکلی" لە نزیک سنوور، چەند کەسیان لە کاسبکاران گرت و کەلوپەلەکانیان بە تاڵان بردن. کاسبکارانی بێدەرەتانی ئەو بازاڕە کە گیان و ماڵیان لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کەوتبووە مەترسیەوە، لە هێزە هێرشکەرەکانی ڕێژیم وەدەست دێن و پێش بە تاڵان و ڕاوڕووتی زیاتریان دەگرن و ماڵو کەلوپەلە گیراوەکانیشیان لە دەست هێزەکانی ڕێژیم دەردێننەوە.

شنۆ:

بارینی بارانێکی زۆرو هەستانی لافاو، زیانی بەخەڵك گەیاند

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٦ی جۆزەردان، بەهۆی بارانی زۆرو هەستانی لافاو لە چەند گوندی دەوروبەری شاری شنۆ، زیانێکی زۆری ماڵی لە خەڵك کەوت و زیاتر لە دەیان ماڵ وێران بوون و ژمارەیەکی بەرچاو ماڵاتی خەڵکی ئەو گوندانە تێدا چوون. ئەو زیانانە زیاتر وە خەڵکی گوندەکانی "گەلاز"، "وزمێ" و "نیسیلیان" کەوت. ئەو لافاوە شاری شنۆو شەقامەکانی ئەو شارەشی گرتەوەو گیروگرفتی بۆ خەڵکی ئەو شارەش پێك هێنا.

مەریوان:

کوژرانی جاشێکی ناسراو

ڕۆژی شەممە ١٦ی جۆزەردان، جاشێکی چەکداری ڕێژیم بەناوی "جەلالی بەرنامە" کە ٢٥ ساڵ بوو جاشەتی بۆ ڕێژیم دەکرد، لە کاتێکدا کە لە باغی خۆیدا بەرەو شاری مەریوان دەگەڕایەوە، لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە تەقەی لێکراو لە ئاکامدا کوژرا. ئەو خۆفرۆشە، لەماوەی دەسەڵاتدارەتی کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام خەریکی ئەزییەت و ئازاری خەڵکی شاری مەریوان و دەوروبەری بووو لە هیچ خۆشخزمەتیەك بە ڕێژیم درێغی نەدەکرد، هەربۆیە کوژرانی ئەو خۆفرۆشە بوو بە هۆی خۆشحاڵیی خەڵکی مەریوان و ناوچەکانی دەوروبەری.

سەقز:

ئازاردانی کچان و ژنان

بە پێی هەواڵی گەیشتوو لە شاری سەقزەوە، ماوەیەکە چەند کەسی نەناسراوی مۆتورسوار بە شارو شوێنەکانی شاردا دەگەڕێن و کچانی شار، ئەوانەی کە لە ڕوانگەی ڕێژیمەوە بێ حیجاب یان بەد حیجابن و یا بەرگی ئیسلامی ناپۆشن، ئەزییەت و ئازار دەدەن و تەنانەت ئەسید بە دەم و چاویاندا دەکەن و بەپەلە خۆ دەرباز دەکەن. هەرچەند ئەو کەسانەی ئەم جۆرە کارانە ئەنجام دەدەن، بە تەواوی نەناسراون بەڵام، زۆربەی خەڵك ئەو کەسانە بە دەستو پێوەندی ڕێژیم و عامیلە توندڕەوەکانیان دەزانن.

دۆزرانەوەی تەرمی کوژراوێك

چەند ڕۆژ لەوە پێش تەرمی کەسێك بەناوی "یەحیا سەدری" کارمەندی ئیدارەی مەسکەنی سەقز لە ئاوایی "کەچەڵ میانی"ی سەرشیوی سەقز دۆزراوەتەوە. شایانی باسە هۆی کوژرانی ناوبراوو بکوژانی تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە.

تەقینەوەی بۆمب

شەوی چوارشەممە لەسەر پێنجشەممە ١٣٨٣/٣/٢٠ی هەتاوی، بۆمبێکی بەهێز لەنێوان گەڕەکەکانی "سپوورئاوا" و "کانی ئاشقان"ی شاری سەقز لە شوێنێکی چۆڵ تەقییەوە کە بە خۆشییەوە زیانی گیانی لێ نەکەوتەوە.

سەڵماس:

کوژرانی کەسێك و بریندار بوونی دوو کەسی دیکە بەدەست هێزەکانی ڕێژیم

ڕۆژی هەینی ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی، چەکدارەکانی ڕێژیم لەنێوان گوندەکانی "بڕۆشخاران" و "گولان"دا تەقەیان لە ماشینێکی شەخسی کە هەڵگری چەند کەس بوو، کرد. لە ئاکامی ئەو تەقەکردنەدا بەداخەوە کەسێك بەناوی "شەهرووز جیهانگیرزادە" کوڕی قادر، خەڵکی ئاوایی "بڕۆشخوران" کەوتە بەر گوللەی هێزەکانی ڕێژیم و گیانی لەدەست داو دوو برای دیکەش بە ناوەکانی "فەرهەنگ ئیووری" و "خشنام ئیووری" کوڕانی "کامیل" بەتوندی بریندار بوون و ڕەوانەی نەخۆشخانە کران.

بەداخەوە ئەوە بۆ چەندەمین جارە کە خەڵکی ئاسایی ئاوا بێپەروا هەر لەو ناوچەیەو ناوچەکانی دیکەی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەدرێنە بەر دەستڕێژی چەك و گیانیان لێ دەستێندرێ یان بە توندی بریندار دەکرێن، بێئەوەی ڕێژیم یا ناوەندێکی سەر بە ڕێژیم لەو جینایەتانە بکۆڵێتەوە یان تاوانباران سزا بدا. هەر ئەو لێنەپرسینەوەیەش خۆی هاندەرێکە بۆ هێزەکانی ڕێژیم تا بە دەست ئاواڵەیی و بێترس لە لێپرسینەوە، بە قەسدی کوشتن تەقە لە خەڵکی ئاسایی بکەن.

***

هەواڵەکانی دەرەوە

بریتانیا:

بەشداری لە ڕێوڕەسمی ساڵۆڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا

سەعات ٧/٣٠ی ئێوارەی ڕۆژی ١ی ژوئەنی ٢٠٠٤ی زایینی، هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بریتانیا، بەشداریی لە ڕێوڕەسمی بیست و نۆهەمین ساڵۆڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە بریتانیا کرد. لەو ڕێوڕەسمەدا نوێنەری کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا پەیامی پیرۆزبایی ئەو کۆمیتەیەی بەبۆنەی ساڵۆڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە پێشکەش کرد.

**

نورویژ:

بەڕێوەچوونی سمینارێك لە ئۆسلۆ

ڕێکەوتی ٢٠٠٤/٦/١٣، کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆ تا ٤ی سەرلەئێوارە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ نورویژ لە درێژەی چالاکیەکانی خۆیدا، سمینارێکی بۆ بەرپرسی یەکەمی حیزبی کاری نورویژ لە ئۆسلۆ بەڕێز ژان بەهلێر Jan Behler و جێگرەکەی خاتوو کار یروین Kari Yrvin لە ژێر ناوی "حیزبی کاری نورویژ بناسن" پێك هێنا. لەو سیناردا کە ژمارەیەك لە ژنان و پیاوانی کوردی دانیشتووی نورویژ بەشدار بوون، سەرەتا بەرپرسی پێوەندیەکانی یەکیەتیی ژنان بەخێرهاتنی بەشداران و میوانانی کرد و پاشان نۆرە گەیشتە بەڕێز ژان Jan کە لەسەر مێژووی حیزبەکەی قسەی کرد و دواتریش خاتوو کاری Kari سەبارەت بە ڕۆڵی ژن بە ڕێبەریی حیزبی کار لە کۆمەڵگای نورویژدا دوا. لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا بەشداران بە هێنانەگۆڕی پرسیاری جۆراوجۆر لەسەر حیزبی کار و کێشە پێوەندیدارەکان بەو حیزبەو نورویژو دەروبەر، بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە کە کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە، زیاتر باسی سینارەکەیان قووڵتر کرد. هەروەها لە نێوئاخنی بەرنامەکەدا یەکیەتیی ژنان میوانداریەکی سادەیان ڕێك خستبوو. جێگای ئاماژە پێکردنە بە دانی دەستەگوڵ بە Jan و Kari بەرنامەکە کۆتایی هات.

کورد لە داهاتووی عێراقدا

ژانیار

گەلی کورد لە کوردستانی عێراق زۆر لەمێژە کە لە دژی دیکتاتۆری و پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی ڕاپەڕیوەو لەو پێوەندییەدا قوربانییەکی زۆری داوەو فرمێسك و خوێنێکی بەرچاوی ڕشتوە. ئاوارەیی بە کۆمەڵو بە میلیون کەسی دیوەو تووشی کارەساتی وەك ئەنفالو کیمیاباران هاتوەو مەرگو ماڵوێرانییەکی لە ڕادەبەدەری تووش بووە.بە داخەوە لە هەموو ئەو چەوسانەوەو بەشمەینەتیو دەردو ئازارانەدا دەنگێکی داکۆکی کردن لەو گەلە نەبیسراوەو هەر دەوڵەتو کۆڕو کۆمەڵێك بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە بەرانبەر ئەو هەمووە زوڵمو زۆرییەدا کە لە کورد کرا بێدەنگ بوون، چاویان لە ڕەفتاری دژی مرۆڤانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی لە عێراقدا نووقاند.

کاتێك سەرەڕۆییو دیکتاتۆریی دەسەڵاتدارەتیی عێراق داوێنی وڵاتانی زلهێزیشی گرتەوەو بەرژەوەندییەکانی لە مەترسی هاویشتنو بڕیاری ڕووخانی حکوومەتی بەعسو سەددام حوسێنیان داو بۆ ئەو مەبەستە هاوپەیمانییەکیان لە بەشێك لە وڵاتانی جیهان پێك هێنا، گەلی زورلێکراوو بەشمەینەتی کوردی عێراقیش باوەشی بۆ ئەو هەنگاوە کردەوەو لە ڕەوتی ڕووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا بە دەستی پڕ، بە توانایەکی تەواوو لێبڕاوێکی بەرچاو بەشداری کردو کاری ڕووخانی ڕژێمی بەعسو سەرکەوتنی هاوپەیمانانی هاسانترو مسۆگەرتر کرد.

پاش جێگیر بوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق، کوردستان نەك ناوچەیەکی نائەمن بۆ ئەو هێزانە نەبوو بەڵکو دوورگەی ئارامو شوێنی پێشوازی لێکردن بە گوڵو حەوانەوەی ئەوان بوو و تاقیکاری دوازدە ساڵ خۆبەڕێوەبەردنو پابەند بوون بە ئازادیو مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بە وتەی کاربەدەستە گەورەکانی وڵاتانی هاوپەیمان دەشیا کە ببێتە نموونە بۆ هەموو عێراقو عێراقێکی لەو بابەتەش بکرێتە نموونە بۆ هەموو ناوچەکە.

پاش پێکهاتنی ئەنجومەنی حوکمی عێراقو دیاریکردنی دەسەڵاتی کاتی لەو وڵاتەدا، کورد دەوری بەرچاوی بینیو هەوڵو تەقەللایەکی زۆری دا، بۆ ئەوەی عێراقێکی دیموکراتی، فیدرالیو فرەیی جێگیر بێ کە مافی هەموو دانیشتوانی وڵاتو مافی نەتەوایەتیی گەلانی پێکهێنەری دابین بکا. ئەو هەوڵو تەقەلایە تا ڕادەیەك لە دەستووری کاتیی عێراقدا کە بە پەسندی ئەنجومەنی حوکمی عێراقو هاوپەیمانان گەیبوو ڕەنگی دایەوەو بەرهەم هاتو هیوای ئەوەی لە دڵی گەلانی عێراق بە تایبەتی گەلی کورد دا پێك هێنا کە چی دیکە بە هاوولاتیی دەرەجە دوو ناژمێردرێو مافو ئازادییەکانی دەستەبەر دەکرێنو بە ڕەسمی دەناسرێنو وەڵامی ئەو هاوپەیمانەتییە سادقانەیەو ئەو هاوکارییە هەمەلایەنەیان بە موسبەت وەردەگرنەوە.

ئاڵۆز بوونی ناوچەکانی ناوەندو باشووری عێراقو تەنگەژە سازکردن بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان لەو ناوچانە کە دەستی لایەنەکانی دژی بە ئازادیی عێراقو ڕزگاریی گەلانی عێراقی بە ڕوونی تێدا دەبیندرا وەزعێکی وای خولقاند کە قوربانییەکی زۆرو خوێنێکی بەرچاوی لێبکەوێتەوە. لەو وەزعەدا کوردستان هەروا ئارامو مەندو گەلی کورد هەر ئاشتیخوازو پاڵپشتی دەورگیرانی هاوپەیمانان بوو.

بە نزیك بوونەوەی وادەی گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ خودی عێراقییەکانو پێشکەشکردنی گەلاڵەیەك بە ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە لایەن هاوپەیمانانەوە لە پێوەندی لەگەڵ داهاتووی عێراق دا، دەرکەوت کە کورد لە عێراق جارێکی دیکەش بەو جۆرە کە پێویستە ئاوڕی لێنەدراوەتەوەو ویستو داخوازە ئەساسییەکانی لەبەرچاو نەگیراون.

لەو گەلاڵەیەدا ئاماژەیەك بە دەستووری کاتیی عێراق کە لەودا بە جۆرێك باس لە کوردو مافەکانی دەکرێ، نەکراوە. کورد لە پۆستە سەرەکییەکانی دەوڵەتی کاتیی عێراقدا جێگای شیاوی بۆ دەستنیشان نەکراوەو بەگشتی ناوێك لە کوردو لە عێراقێك کە لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێك هاتوە نەهاتۆتە گۆڕێ. ئەم هەڵوێستەو پێشنیارکردنی گەلاڵەیەکی لەو بابەتە بە حەق گەلی کوردی بەرەوڕووی نیگەرانییەکی تازە کردۆتەوەو بێوەفاییو ئەمەگنەناسییەتی بەرچاوی هاوپەیمانانی بەرانبەر بە گەلی کورد تێدا بەدی کرد. هەر بۆیەو بۆ ئیعتراز بەم هەڵوێستە بەڕێزان مەسعوود بارزانیو جەلال تاڵەبانی سەرۆك و ڕێبەری هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردستانی عێراق لە نامەیەکدا بۆ سەرۆك کۆماری ئەمریکا ئەو ڕەخنەو گازەندەی خۆیانو نیگەرانیی گەلی کوردیان بەرەوڕووی کردەوەو لە هەمان کاتیشدا پێیان لەسەر دۆستایەتیو هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داگرتەوە. کاربەدەستانی حیزبیو حکوومیی هەر دوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانیش لە لێدوانەکانی خۆیاندا نارەزایەتیی خۆیانو خەڵکی کوردستانیان دەربڕیو ڕایانگەیاند کە ملکەچی هەر بڕیارێك کە کورد لەبیر بکاو مافەکانی لەبەرچاو نەگرێ، نابنو تەنانەت کشانەوە لە دەسەڵاتی ئێستای عێراقیشیان خستە بەر چاو.

بۆ ئەوەی نێوەڕۆکی گەلاڵەی پێشنیار کراو لەلایەن هاوپەیمانانو پەسند کردنی لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئاگادار بین کە تا چ ڕادەیەك کوردی پشتگوێ خستوە، ئەوەندە بەسە کە دەبینین نە وڵاتانی دراوسێو دژ بە کوردی عێراقو نە وڵاتانی عەرەبیو نە شیعەکانی باشووری عێراق کە هەر کامیان بەجۆرێك دژایەتیی دابینبوونی مافەکانی کوردیان دەکردو دەیکەن کەمترین ڕەخنەیان لەم گەلاڵەیە نیەو ئەوەش دەری دەخا کە لە گەلاڵەی پێشنیارو پەسند کراو دا زیاتر لەوەی دیموکراسی واقیعی وەعدە دراو بە خەڵکی عێراقو دابینبوونی مافی گەلی کورد لەبەرچاو بووبێ، نەزەرو ڕەزایەتی موخالیفانی دیموکراسیو دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەبەرچاو گیراونو پاداشو دەسخۆشانەکە بە موخالیفانی هاوپەیمانانو حەقکوژیو پشتگوێ خستنەکەش بە هاوپەیمانەتیی سادقانەو لێبڕاوانەی کورد بڕاوە.

هەرچەند بە دوای نارەزایەتی دەربڕینەکانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی کورد لە عێراقدا ژمارەیەك لە بەرپرسانی پایەبەرزی ئەمریکاو بریتانیا لە پێوەندیگرتن بە ڕێبەرانی کوردەوە تا ڕادەیەك وەعدەو بەڵێنییان داوە کە کورد لە بیر ناکرێو لەبەرچاو ون نابێو هەروەها لە لێدوانەکانی سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتەدا پابەندی بە یاسای کاتیی عێراق دووپات بۆتەوەو دڵنیا کراوەتەوە. بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی گشتیی وەزعەکەو ئەو پاشەکشانەی کە لەم ماوەیەدا سەبارەت بە کوردو مافەکانی لەلایەن هاوپەیمانان کراوەو ئەو دژایەتییانەی کە لە لایەن وڵاتانی دراوسێو عەرەبیو کەسانی وەك سیستانییەوە دەرهەق بە کورد لە عێراقدا دەکرێن، گەلی کورد لە کوردستانی عێراق هەقیەتی سەبارەت بە داهاتووی عێراقو چارەنووسی کورد لەو وڵاتەدا نیگەرانو بە پەرۆش بێ.

هەرچەند لە گەلاڵەی پێشنیارو پەسند کراودا ئاماژە بە فیدراڵی بوونی عێراق، ـ بێ ئەوەی ڕوون بێ چ جۆرە فیدراڵیو لە سەر چ ئەساسێك دەبێ ـ کراوەو لەگەڵ ئەوەشدا کە پارلمانی هەرێمی کوردستانو هێزە سیاسییەکانی کورد گەلاڵەکەیان لەسەر یەك بە باش هەڵسەنگاندوە بەو حاڵەش نیگەرانیی کورد لە جێی خۆی دایەو هەوڵی کوردو ڕادەی واقیعبینیی هێزە هاوپەیمانەکانو حکوومەتی ئێستای عێراقە کە دەتوانن ئەم نیگەرانییە بڕەوێننەوە یان کەمتری بکەنەوە.

***

کردەوەی شەهادەتخوازانە یا تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران؟

رامیود لوتفپووری

یەکێ لەو مەترسییە مەزنانەی کە ئێستا هەڕەشە لە مرۆڤو ئازادییەکانی، پێشکەوتنی دێموکراسیو کۆمەڵگای شارستانی دەکا، دیاردەی تیرۆریزمە، کە وەك تارماییەکی تۆقێنەر باڵی بەسەر کۆمەڵگای جیهانیدا کێشاوە. تیرۆر پەیڤێکە کە بەردەوام رامانی کوشتنو ترسێکی مەزن بەرهەم دێنێ، کردەوەیەکە کە بۆ یا دژ بە ئامانجێکی سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەچێ.

داریووش ئاشووری لە پێناسەکردنی تیرۆردا دەڵێ: "تیرۆر لە وشەدا، لە زمانی فەرانسە، بە مانای ترسو تۆقاندنەو لە سیاسەتدا بە کردەوەی توندوتیژو نایاسایی حکوومەتەکان بۆ سەرکوتی جیابیرانو نارازییانو تۆقاندنیان دەگوترێو هەروەها کردەوەی هێندێك گرووپو بزاڤی خەباتکاریش کە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانیاندا پەنا بۆ کردەوەی توندوتیژو تۆقێنەر دەبەن، دەچێتە خانەی ئەو پێناسەیەوە".[١]

هەروەها بۆ پێناسەکردنی تیرۆریزم دەڵێ: "تیرۆریزم شێوازی ئەو حکوومەتانەیە کە بە گرتنو ئەشکەنجەو ئێعدامو هەموو جۆرە ئازارێکی نایاساسی، لە رێگای پۆلیسی سیاسی نهێنییەوە، جیابیرانو نارازییان سەرکوت دەکەنو دەیانتۆقێنن، یا بە شێوازی هێندێك گرووپی راستو چەپ دەڵێن کە بۆ رووخاندن یا تۆقاندنی دەوڵەت پەنا بۆ مرۆڤکوژی، مرۆڤڕفاندنو خراپکاری دەبەن".[٢]

بەپێی ئەم پێناسەیە دەتوانین بڵێین کە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ بەردەوامو لە شکڵو شێوازی جۆراوجۆردا، ئەم دیاردەیەی لەگەڵدا بوە، بەڵام ئەوەی شیاوی باسو جێگای سەرنجە، ئەو گۆڕانەیە کە لەم سەردەمەدا لە ئاستو مەبەستو کەرەستەی تیرۆردا پێك هاتوە. ئەگەر سەردەمانێك تیرۆر بە نهێنی لە پەسیوو چۆڵگەداو بۆ هێندێ مەبەستی پۆلیسی یا لەبەر هێندێ بەرژەوەندیی ئابووریو سیاسیو بە چەکی سارد یا چەکی دەنگبڕدار، دەکرا، ئێستا بە ئاشکرا، لە پێناو مەبەستێکی پیرۆزدا!!و بە چەکی کۆکوژ بەڕێوە دەچێ. پێشتر ئەگەر تاکەکەسێك یا چەند کەسێکی تایبەت بۆ مەبەستێکی دیاریکراوو بە تاوانێکی دیاریکراو دەکەوتنە بەر هێرشی تیرۆردەوە، ئێستا کۆمەڵێك مرۆڤی بێتاوان دەبنە قوربانیی مەبەستێکی پیرۆز!!

ئێستا عەقڵییەتێکی ئایدۆلۆژیك لە پشت تیرۆرە، کە جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ئەو عەقڵە ئایدۆلۆژیکە هەیە کە پێشتر فەرمانی تیرۆری دەدا. عەقڵییەتی ئێستا سەرچاوەی ئاسمانیی هەیەو پاساوی ئایینی بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان دێنێتەوە، بۆیە تاکی تیرۆریست زۆر بە ئیمانو بە ویژدانێکی ئاسوودەوە لەبەر رەزامەندی خوا، هەم خەڵك دەکوژێو هەم خۆشی بۆ مردنو گەیشتن بە پلەی شەهادەت ئامادە دەکا، یانی ئامادەیە بۆ کوشتنی ئەو مرۆڤە یا مرۆڤانەی کە وەك کافرو دوژمنی خوا پێی ناسێندراون، دەست لە گیانی خۆیشی بشواتەوەو بۆ گەیشتن بە بەهەشتی هەتاهەتایی خۆی بتەقێنێتەوە.

ئەمە جیاوازیی تیرۆری ئەم سەردەمەیە لەگەڵ ئەوەی پێشوو. پێشتر تیرۆر بە مەبەستی لەنێوبردنی رەقیبو مانەوەی خود بوو، بەڵام تیرۆری ئەمڕۆ لە پێناو مانەوەی رامانو نەریتێکی پیرۆزو لەنێوبردنی ئەوو خودو هەمووانە. بۆیە لە ئەدەبیاتی ئەم گوتاردا تیرۆر پێی دەگوترێ کردەوەی شەهادەتخوازانەو تیرۆریستیش بکوژێکی تاوانبار نیە، بەڵکوو موجاهیدێکی قارەمانو بەڕێزە!!

لە کردەوەی شەهادەتخوازانەدا عەقڵی فەرماندەرو پاساوکەری تیرۆر لەگەڵ عەقڵی فەرمانبەرو بەڕێوەبەری تیرۆردا جیاوازییان هەیە، بە واتایەك فەرماندەر خۆی نابێتە قوربانیی تیرۆر، بەڵکوو قوربانی فەرمانبەرەکەیە کە بە خاڵی بوونەوە لە خۆیو پڕبوونەوە لە ئەو دەبێتە بەشێك لە جەستەی ئەو، یا باشتر بڵێین عەقڵییەتی فەرماندەرو جەستەی فەرمانبەر بوونەوەرێکی تازە دەخوڵقێنن کە ئامادەی خۆتەقاندنەوەو تیرۆرە.

لە جیهانی ئەمڕۆدا تەنیا هێندێك گرووپو کەسایەتی ئایینی نین کە بانگەشەی کردەوەی شەهادەتخوازانە!! دەکەنو رەوایی بە تیرۆریزم دەدەن، بەڵکوو تاقمێك لە وڵاتانی جیهانیش ئەو سیاسەتە بە شێوەگەلی رەسمیو نارەسمی پەیرەو دەکەن. گرینگترینو کاریگەرترینی ئەو وڵاتانە کە خاوەنی سیاسەتی تیرۆریزمی دەوڵەتین، ئێرانە.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانو سیاسەتی تیرۆریزمی دەوڵەتی:

بێگومان کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ئێستا گەورەترینو سەرەکیترین سەرچاوەی تیرۆرو تۆقاندن بووە لە جیهاندا. ئەم رێژیمە کە لەسەر هێندێ بنەمای ئایدۆلۆژیکیی ئیسلامی سیاسیی شیعە دامەزراوەو لەسەر دەستی تاقمێك ئاخوندی دەمارگرژو کۆنەپەرست بەڕێوەدەچێو ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ وڵاتانی دیکە بە سیاسەتی ستراتیژیکی خۆی دەزانێ، هەرکات کە لە بواری کردەوەدا لە نێوخۆ، ناوچە یا جیهاندا تووشی بەربەستو تەگەرە دەبێ، لەبەر ئەوەی کە نە توانای دیالۆگی هەیەو نە لە بنەمادا بڕوای پێیەتی، خێلارا دەست بۆ کەرەستەی تیرۆرو توندوتیژی دەبا.

بۆیە کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ لەناوبردنی جیابیرانو نەیارانی نێوخۆ پەنا بۆ تیرۆرو کوشتنیان نابا، بەڵکوو بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی وڵاتانی نەیارو گەیشتن بە مەبەستەکانی لە وڵاتانی دیکەشدا پەنا دەباتە بەر ئەم سیاسەتەو وەك سیاسەتێکی رەسمیی دەوڵەتەکەی پەیڕەوی لێ دەکات.

تیرۆر لە کۆماری ئیسلامیدا تەنیا بۆ گەیشتن بە هێندێ مەبەستی سیاسیو ئابووری ناکرێ، بەڵکوو ئەم دیاردەیە لەم نیزامەدا لەسەر هێندی بنەمای ئایینیو ئایدۆلۆژیکی راوەستاوە کە نەتەنیا پاساوی بۆ کوشتنی لایەنی بەرامبەر هەیە، بەڵکوو بۆ کوشتنی خەڵکی بێتاوانو تەنانەت خۆکوژیو خۆتەقاندنەوەش پاساوی شەرعیی هەیەو بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی پیرۆز!!و رەزامەندی خوای لەقەڵەم دەدا.

ئاخوندەکان کە تیۆریسیەنی تیرۆرو تۆقاندنن، بە چەشنێك تاکی تیرۆریست پەروەردە دەکەن کە ئەو کەسە هەموو راستیو حەقیقەتێك لە ئایدۆلۆژیەکەی خۆیدا دەبینێ، بە تاقە رێگای رزگاریو بەختەوەریی دەناسێو هەر چەشنە لادانێك لەو رێبازە لەلایەن هەر کەسەوە بێ بە خیانەت بە ئایینو دوژمنایەتی خوا دەزانێو بۆ لەناوبردنی ئەو کەسانەش کە بە کۆسپی رێگای سەرکەوتنی ئایینی خودای دەزانێ ئامادەیە لە بوونی خۆیو کەسانی بێتاوانی دیکەش چاوپۆشی بکا بەو تەمایە کە بەهەشتێکی هەتاهەتایی چاوەڕوانیەتی، ئەمە هەمان کردەوەی شەهادەتخوازانەیە کە سیستمی تیرۆریستیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی ئیشی پێدەکا.

کۆماری ئیسلامی ئەگەر سەرەتا تیرۆرەکانی زۆرتر مەبەستی سیاسییان لەپشت بوو و بە شێوەی نهێنی ئەنجامی دەدان (وەك تیرۆری هەردوو سەرکردەی شەهیدمان د.قاسملو و د.شەرەفکەندیو سەدان مرۆڤی ئازادیخوازی دیکەی کوردستانیو ئێرانی)، ئێستا زۆر بە راشکاویو لە پێناو رەزامەندیی خودادا! بانگەشەی تیرۆرو کردەوەی شەهادەتخوازانە دەکاو بە نێونووسیو وەرگرتنی خوازیارانی کردەوەی شەهادەتخوازانە، بە شێوەیەکی رەسمیو راشکاوو ناردنیان بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە تیرۆریستییەکانیان بۆ وڵاتانی دیکە، هەوڵی تێکدانی باری ئاسایشی وڵاتانێکی وەك عێراقو ئیسراییل یا کوشتنو لەنێوبردنی جیابیرانێکی وەك سەلمان روشدی دەدا.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ وەرگرتنی نەفەراتی پێویستو ئامادەکردنو ناردنیان بۆ بەڕێوەبردنی کردەوەی شەهادەتخوازانە یا بە واتایەك خۆتەقاندنەوە پرۆپاگەندەیەکی بەربڵاویان دەست پێکردوەو هێندێ شوێنی وەك "ستادی رێزنان لە شەهیدانی بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام" یان بۆ ناونووسیو وەرگرتنی خوازیاران دابین کردوەو وەك کردەوەیەکی سەمبۆلیك دوو کەس لە نوێنەرانی مەجلیسی حەوتەمی شوورای ئیسلامییش بەناونووسی خۆیان لەو ستادەدا ئامادەیی خۆیان بۆ کردەوەی شەهادەتخوازانە راگەیاندوە.

ئەمەش فۆرمێکە کە ستادی ناوبراو بۆ نووسینی ناوو وەرگرتنی خوازیارانی کردەوەی شەهادەتخوازانە بڵاوی کردۆتەوە، کە بۆ خۆی بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لە تیرۆریستپەروەربوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو تیرۆریسمی دەوڵەتی ئەم رێژیمە.

بسمه تعالی

ثبت نام اولیه عملیات استشهادی

اینجانب : ..... فرزند : ..... متولد ١٣

شهرستان : ..... آمادگی خودرا برای اجرای عملیات استشهادی

☐ علیه اشغالگران عتبات عالیات

☐ علیه اشغالگران قدس شریف

☐ جهت اجرای حکم اعدام سلمان رشدی مرتد

اعلام میدارم.

ضمنا مایل به عضویت فعال درستاد پاسداشت شهدای نهضت جهانی اسلام می باشم.

☐ آری ☐ خیر

تلفن تماس :

نشانی دائم طلب امضای داوطلب

ئەم مانۆفێستی کۆماری ئیسلامییە کە بە شێوەیەکی پراکتیك پێرەو دەکرێو بەرهەمهێنەری ترسو مەرگو نائەمنییە لە جیهانو ناوچەدا.

پەراوێزەکان:

١ـ آشوری، داریوش، دانشنامە سیاسی (فرهنگ اصلاحات و مکتبهای سیاسی)، انتشارات مروارید، چاپ پنجم، ١٣٧٨، تهران. ص ٩٨

٢ـ هەمان سەرچاوە. ص ٩٩

٣ـ ماڵپەڕی "اخبار روز"

❊ ❊ ❊

مەجلیسی شەشەمو کۆتایی کارەکانی

ناسر ساڵحیئەسڵ

پاش هاتنەسەرکاری خاتەمی لە دووی جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٦داو دانی هێندێ وادەو بەڵێن لە پێوەندی لەگەڵ چاکسازیو هێنانەدیی کۆمەڵگای مەدەنیو گرتنە پێشی سیاسەتی سازانو نەرمکێشان لە بەرانبەر قۆڵی موحافیزەکاردا، قۆڵێك بە ناوی ریفورمخواز لە نێو دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا سەری هەڵدا.

محەممەدی خاتەمی بە دیاریکردنی عەتائولاّ موهاجیرانی، وەك وەزیری فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامی، کە کەسێکی مییانەڕەو بووو باوەڕی بە هێندێ مەیداندان لە بواری بڵاوکردنەوەو چاپی کتێبدا هەبوو، هەروەها بە دیاریکردنی عەبدولاّی نووری وەك وەزیری نێوخۆ کە تێکۆشانی لە بواری سیاسیو ئیجرایی‌دا بەرچاوو لە هەمان کاتدا پێشتریش جێگای باوەڕی خومەینی بوو، دەستی بەکار کرد.

خاتەمی بە دیاریکردنی موهاجیرانیو نووری بۆ دوو وەزارتخانەی فەرهەنگو ئیرشادو نێوخۆ کە لەگەڵ دژایەتیی مەجلیسی پێنجەم بەرەوڕوو بوو، دەیویست لە دوو بواری فەرهەنگیو سیاسی‌دا، وەك گەمێوانی رێژیمی روو لە ناوچوونی کۆماری ئیسلامی، گەمیی شڕوشپڕێوی کۆماری ئیسلامی بگەیەنێتە لێواری نەجات. لە بواری فەرهەنگی‌دا دەلاقەیەکی بە رووی چاپو بڵاوبوونەوەدا کردەوەو ئیمتیازی دەرکردنی رۆژنامەی بە هێندێ کەسی نزیك بە قۆڵی ریفورمخواز داو بایەخ بە کاروباری سینەمایی لە ئێراندا درا. رۆژنامەکانی سەر بە قۆڵی ریفورمخواز دەستبەکار بوونو تێدەکۆشان تا سەرنجی خەڵکی ئێران لە راگەیەنەرە تەبلیغاتییە بیانییەکان بۆ لای دەزگا راگەیەنەرە نێوخۆییەکان راکێشن. بەڵام قۆڵی موحافیزەکار هەر لە سەرەتاوە کەوتە بەربەرەکانێو کۆسپ نانەوە لەسەر رێگای ئەو رەوتەو لەو پێوەندییەشدا کەڵکی لە یاسای پەسند کراوی دەیەی چلو لە پێوەندی لەگەڵ سەرپێچیکەراندا وەرگرت. بەمجۆرە دەیان رۆژنامەنووس راپێچی زیندان کرانو دەیان رۆژنامەش بەر بە بڵاوبوونەوەیان گیرا.

لە بواری سیاسی‌دا، عەبدولاّ نووریش دەلاقەیەکی بچووکی بۆ هێندێ لایەنی وەك میللی ـ مەزهەبییەکانو ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی زانکۆکان کردەوەو هەوڵی دا لە رادەی بێزاریی خەڵك لە رژێم کەم بکاتەوەو بەرەو کۆماری ئیسلامی بیانگێڕێتەوە. رێگادان بە هێندێ کۆبوونەوەی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانو بایەخدان بە چەند کۆڕو کۆمەڵی هەڵقولاّو لە هەناوی رێژیمەوە کە زۆر جار لە چەند کەس تێنەدەپەڕین بەشێك لەو کاردانەوانە بوون کە گۆیا بۆ دەدران.

بە کۆتایی هاتنی تەمەنی مەجلیسی پێنجەم، خەڵکی ئێران بە مەبەستی هاودەنگ کردنی مەجلیس لەگەڵ بەرنامەکانی خاتەمی! و دەزگای بەرێوەبەری‌دا، کەوتنە خۆو پاش راگەیاندنی لیستی کاندیداکان لەلایەن رۆژنامەنووسانو خوێندکارانو قۆڵی ریفورمخوازەوە خەڵك خۆیان بۆ هەڵبژاردنێکی کەم وێنە ئامادە کردو بە جۆرێك چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان کە تەنانەت هاشمیی رەفسەنجانییش وەك مۆرەی دووهەمی رێژیم لەگەڵ هەموو هاسانکاریو تەنانەت دەغەڵکاریەك کە بۆی‌کرا، نەیتوانی سەر لە سندووقەکان بێنێتەدەرو ناچار بە پاشەکشە کرا. بەمجۆرە زۆربەی زۆری کورسییەکانی مەجلیسی شەشەم کەوتە دەستی نوێنەرانی سەربەخۆیانو بەستراوە بە ریفورمخوازەکان.

کارو کردەوەکانی مەجلیسی شەشەم دەکرێ لە چەند بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی‌دا بە کورتی بخەینە بەرباس.

ئا: بواری سیاسی

بەدەستبەکاربوونی مەجلیسی شەشەمو سەرکەوتنی ریفورمخوازەکانو هاودەنگبوونی دەزگای یاسادانان لەگەڵ دەزگای بەرێوەبەری، چاوەڕوانیی هاتنەدیی هێندێ لە بەڵێنەکانی خاتەمی زیاتر بوو، بەڵام ئەو مەجلیسە هەر لەسەرەتاوەو لە پێوەندی لەگەڵ ئیسلاحی یاسای هەڵبژاردن‌دا، لەگەڵ حوکمی حکوومەتیی رێبەر بەرەوڕوو بووو ناچار کرا ئەو باسە لە دەستووری کاری خۆی دەرباوێ.

بەمجۆرە ئیسلاحی یاسای هەڵبژاردن وەك بەفری بەهار توایەوەو لەوە زیاتر قسەی لەسەر نەکرا. لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی یاسای بنەڕەتی‌دا کە گۆیا هەموو کەس لە بەرامبەری‌دا وەك یەکن، کارێك لەدەست خاتەمیو مەجلیسی لایەنگری ئەو نەهاتو ئێستاش ئەو یاسایەی کە ٢٥ ساڵ لەوەپێش خودی رێژیم پەسندی کردوە، جێبەجێ نەکراوەو

بۆ لاپەڕەی ١١

پشووی هاوینی دەلاقەیەك بۆ روانین لە بەشمەینەتی‌یەکانی قوتابیانی کورد

عەلی بداغی

وەرزی هاوین بۆ قوتابیانو خوێندکاران دەرفەتێکە بۆ پشوو وەبەرخۆهاتنەوەیەك‌و حەسانەوە لە دوای ٩ مانگ چالاکی و خوێندنی بەردەوام. ئەگەر بڕیاردەران‌و بەڕێوەبەرانی خوێندگەو ناوەندە ئاموزشی‌یەکان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان جگە لە دەوڵەتەکانیان بە سەرنجدان بەوەی پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی قوتابییانو خوێندکاران بە بەرنامە تەفریحی‌یەکان کە دەتوانێ یارمەتی زۆر بە گەشەی فیکری، جەستەیی‌و عاتیفی‌و دەروونییان بداو لەم روویەشەوە لەگەڵ کۆتایی‌هاتنی وەرزی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵو بە لەبەرچاوگرتنی ویست‌و داخوازی‌یە دەروونی‌یەکانی قوتابیان دەکەونە جێبەجێکردنی بەرنامە لەپێش‌دا داڕێژراوەکان‌و خۆشترین‌و بەسودترین کاتەکانیان بۆ دەکەنە بە دیاری، بەڵام زۆربەی قوتابیانی وڵاتەکەمان بە نزیکبوونەوە لە پشووی هاوینی دەکەونە قۆناغێکی سەخت لە ژیانی یەکساڵەو ئەم وەرزە بۆ وان نەك وەرزی پشوو نیە بەڵکوو ماندووبوون، کارو تێکۆشانی سەخت بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستی‌یەکانی خوێندنی ساڵی داهاتوویانە.

ئاشکرایە کە پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی قوتابیان بە هۆکارگەلێکی وەك ئاستی داهاتی بنەماڵە، بژێوی خێزان‌و تەنانەت رەگەزی قوتابیان لەلایەك‌و لەلایەکی دیکەشەوە ئیبتکاری رێکخراوو داموودەزگا دەوڵەتی‌یەکان بەسراوەتەوە کە بە سەرنجدان بە وەزعییەتی گشتیی کۆمەڵانی خەڵك لە ئێران‌و نزمیی ئاستی ژیان‌و گوزەرانیان‌و هەروەها نامۆبوونی دەسەڵات بە رێکخستن‌و پلانڕێژی بەسوود بۆ ئەم وەرزە لە ژیانی قوتابیان دوورە دیمەنی ئەم مەبەستەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ.

بە سەرنجدان بە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەك کە رێکخراوی میللیی لاوانی ئێران لەسەر ٧٥ هەزار قوتابیی لاو ئەنجامی داوە، بۆمان رون دەبێتەوە کە قسە لەسەر پشووی هاوینی‌و چۆن پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان بۆ قوتابیان‌و لاوان جگە لە گاڵتەو لەراستی‌دا واقیعییەتێکی تاڵو هەژێنەر چی‌تر نیە. ئاکامی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو ٧٥ هەزار قوتابی‌یە پێمان دەڵێن کە ٥٣٪ی ئەو قوتابییانە خاوەنی روحییەیەکی هەڵچوو و نائارام، ٥٥٪یان هەڵگری رقو تووڕەیی‌یەکی شاراوە، ٤٠٪ی ئەوان دژەکۆمەڵایەتی‌و ٦٠٪ی ئەوان دەروونگەران‌و زۆرتر لە خۆیان دان. هەر ئەو لێکۆڵینەوە، دەری دەخا کە ٣٧٪ی ئەوان گیرۆدە بە ئیعتیادو ٧٥٪ی ئەو قوتابیانە وەرز لە ژیان‌و بێتەفاوت بەرانبەر بە خێزان‌و کۆمەڵگاو ژیانن. لەحاڵێك‌دا کە ٢٦/٤٪ی ئەوان بیر لە خۆکوژی دەکەنەوەو لە ژیان تەمابڕاو بوون.



ئەگەر قوتابیان و خوێندکاران سەرمایەو بەڕێوەبەرانی داهاتووی کۆمەڵگان‌و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە باشترین شێوە بۆ ئەم مەبەستە پەروەردە دەکرێن‌و دەوڵەتەکان هەموو تواناو وزەیان لە خزمەتی گەشەکردن‌و بردنەسەری ئاستی زانیاری‌و لە هەمان کاتیش‌دا رەخساندنی بوار بۆ پشوودان‌و حەسانەوەو چێژوەرگرتن لە کاتە بەتاڵەانیان وەگەڕ دەخەن، بەڵام، خەون‌و خولیاو ئاواتەکانی قوتابیانی ئێران دەکەوێتە بەر زەبری قامچیی بنەما ئیدئولوژی‌یەکانی دەسەڵاتبەدەستان‌و چرۆی حەزو خۆزیایان هەر بە مانای دەسپێکی وەرزێکی تاقەتپڕوکێن نیە، چونکە زۆربەیان هەر بە درێژایی ساڵو لە کاتی خوێندنیش‌دا لەبەر بێدەرەتانی بنەماڵەو خێزانیان ناچارن بە جۆرێك کار بکەن‌و یارمەتیدەری بنەماڵەکەیان بن. وەرزی پشووی هاوینی لای ئەوان نەك بە مانای پشوودان‌و حەسانەوە نیە، بەڵکوو قوتابیانی کورد هەر بیریشی لێ ناکەنەوە، چونکە باش دەزانن کە دەبێ سەرجەم ئەو ماوەیە شانبەشانی بنەماڵەکانیان لە مەزرا یا کورەخانەو لە پەنا داری تەون‌دا کار بکەن یان دەنا رێگای شارە دوورەکان‌و کارگە پیشەیی‌یەکانی دەردەوەی کوردستان بگرنەبەر بۆ ئەوەی بتوانن لانی‌کەمیی پێداویستی‌یەکانی ژیان‌و خوێندنی ساڵی داهاتوویان دابین بکەن. لەو نێوەدا وەزعی منداڵان‌و مێرمنداڵان لە هەموان خەمهێنەرو دڵهەژێنترە. ئەو منداڵانەی دەبوا لەو کاتانەدا نوقمی شادی‌و خۆشی بن‌و هەموو کاتەکانیان بە کایە، سەیران‌و یان دەنا بە بەشداری لە خولە تایبەتی‌یەکانی هاوینی پڕکەنەوە، ناچارن لە قرچەی گەرما‌و بە درێژایی هاوین لە کازیوەی بەیان را تا ماوەیەك لە شەو لە کورەخانە یا خۆ مەزرا کار بکەن‌و ئارەق بڕێژن یان لە بن داری تەون حەزو خۆزیاکانیان لەگەڵ تانوپۆی فەرشەکەیان گرێ بدەن‌و بیهۆننەوە. داهاتووی کۆمەڵگای ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە وەها بارودۆخێك‌دا شکڵ دەگرێ.

ئەوە جیا لەوەیە کە پەروەردە‌و فێرکردن لە کۆماری ئیسلامی‌دا قەت لە خزمەتی بەرژەوەندی‌و گەشەی فەرهەنگی‌و بیری نەتەوەیی گەلی کورددا نەبووەو رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ هەرچی درێژترکردنەوەی دەسەڵاتدارەتی‌یەکەی‌و بۆ ئەم مەبەستەش‌و بە پاوانکردنی سیستمی پەروەردەیی لە رێگەی بەکارهێنان‌و تێخزاندنی بنەما فیکری تایبەتی‌یەکانیان لە سیستمی پەروەردەو سەپاندنی یاساورێسا نەگونجاوو ناسەردەمیانەکانیان لە رێگەی ناوەندەکانی ناسراو بە "ئوموری تەربیەتی"، "حەراسەت"و "بەسیجی دانش آموزی"، نێوەرۆکی خوێندن‌و پەروەردەیان لە مانا واقیعی‌یەکەی بەتاڵ کردۆتەوە.

لە ئەنجامی ئەو سیاسەتانەی رێژیم ئاسایی‌یە کە قوتابیانی کورد چ لە کاتی خوێندن‌و چ لە کاتی پشووی هاوینی‌دا هەروا بەشمەینەت‌و لە هەر چەشنە ئیمکاناتێکی بەسوودی فێربوون‌و پەروەردەیی بێبەش بن. گومانیش لەوەدا نیە کە تا کۆماری ئیسلامی جڵەوی دەسەڵاتی‌یەدەستەوە بێ‌و بەم عەقڵییەتە پاوانخوازو ناسەردەمیانەوە بیهەوێ درێژە بە تەمەنی خۆی‌و بەڕێوەبەریی کاروباری وڵات بدا، نەك داهاتوویەك‌و گەشبینی‌یەك بۆ چارەسەری کێشەی قوتابیان‌و دابینکرانی پێداویستی‌یەکانی بۆ ژیان‌و خوێندنی ئەمڕۆیی‌یانە چاوەڕوان ناکرێ، بگرە زیاتر لەوەش لە ژێر فشاری کاری تاقەتپڕوکێنی هاوینی‌و خەمۆکی‌و تەمابڕاوی‌دا دەمێنێتەوە.

❊ ❊ ❊

نامەی تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ لە ئورووپا و ئەمریکای باکوور بۆ یەکیەتیی ئورووپا لەپێوەندی لەگەڵ دەستپێکردنی دەوری چوارەمی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بواری مافی مرۆڤدا

بەڕێز "مایکل گالر" نێردراوی تایبەتی یەکیەتیی ئورووپا بۆ وتوویژ لەگەڵ ئێران لەپێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا!

ئێمە تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ لە ئورووپا‌و ئەمریکای باکوور، پێکهاتوو لە ١٥ گرووپ‌و ئەنجومەنی ئێرانین کە داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکەین، ئاگادارین کە ئێوە لە حەوتووی داهاتوودا دوای سێ ساڵ رێکەوتن، دەوری چوارەمی وتوویژی یەکیەتیی ئورووپا‌و ئێران لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا دەست پێ دەکەن. ئێوە لە حاڵێك‌دا کۆبوونەوەکانتان دەست پێ دەکەن کە دۆخی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەکان لە ئێران لە ساڵی رابردوودا درێژەی هەبووە. کەوابوو راپۆرتێکی راڤەکراو کە لەلایەن ئێمەوەو بە گەڕانەوە بۆ ئەو هەواڵانەی کە لە چاپەمەنی‌یەکانی ئێراندا بڵاو بوونەوە، بۆتانی دەنێرین کە بەشێوەی نێونجی هەر ٨ سەعات یەك مەورد پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا رووی داوە.

بەکورتی ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین کە لە رۆژی ٢١ی مارسی ٢٠٠٣وە تا ٢٠ی مارسی ٢٠٠٤ رووپان داوە:

١ـ ئێعدامی ١٠٨ کەس

٢ـ ٤٥ مەورد تاوانبارکردنی نوێنەرانی مەجلیس‌و دادگایی‌کردنیان بەهۆی قسەکردنەکانیانەوە

٣ـ داخستنی ٣٥ بڵاوکراوە

٤ـ شکەنجەی رۆژنامەنووس "زارا کازمی" کە بوو بەهۆی مردنی ناوبراو

٥ـ لێپرسینەوە لە ٣٤٣ رۆژنامەنووس

٦ـ ٧٨ مەورد پەروەندە کە بۆ رۆژنامەنووسان تەرتیب کراوە، ئەویش بە تاوانی بەڕێوەبردنی ئەرکی رۆژنامەنووسی

٧ـ تاوانبارکردنی رۆژنامەنووسان، ١٠٨ مەورد

٨ـ زیندانی‌کردنی ١٦ رۆژنامەنووس

٩ـ زیندانی‌کردنی ٢٣ رۆژنامەنووس لە کاتی لێپرسینەوەی سەرەتایی‌دا

١٠ـ لێدان‌و بێحورمەتی‌کردن بە رۆژنامەنووسان، ٨ مەورد

١١ـ ٥٠٠ بڵاوکراوە لە چاوەڕوانیی دادگادان

١٢ ٤٠٠٠ خوێندکاری دەستگیرکراو بە گوێرەی راگەیاندنی دادستانی گشتیی وڵات لە هاوینی ١٣٨٢دا

١٣ـ پێشێلکردنی مافی ژنان، ٦٢ مەورد

١٤ـ دەستگیرکردنی ٢١٨ کەس لە چالاکانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و دادگایی‌کردنیان

١٥ـ کوشتنی خۆپیشاندەران بەهۆی گوللەوە (بۆ وێنە چوار کرێکار لە شاری بابەك)، ٢٣ مەورد

١٦ـ پاڵوێنەدانان بۆ ١٨٧ سایت.

بەڕێز مایکل گالر!

هەروەك لە ئامارەکان‌دا دەردەکەوێ، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ساڵی رابردوودا بەشێوەی بەربڵاوو بەردەوام‌و بە پێی بەرنامە درێژەی هەبووە. رێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکانی داکۆکیکەر لە مافی مرۆڤ لە راپۆرتەکەی خۆیان‌دا جەختیان لەسەر راستی ئەو ئامارانە کردوە کە لەلایەن ئێمەوە دراوە. ئاغای "ئامیبی لیگابۆ" لە راپۆرتی تایبەتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ئاماژەی بە چەند خاڵێك کردوەو لە هەمان کاتیش‌دا دیفاع لە ئازادیی رادەربڕینی بە شتێکی پێویست نرخاندوە.

ئێمە بە ئۆمێدی ئەوەی کە ئێوە باوەڕو رێزتان هەیە بۆ مافی مرۆڤ، داواتان لێدەکەین:

١ـ لە رێککەوتنەکانتان‌دا تەنیا لەسەر بنەماو پێوەرەکانی مافی مرۆڤ بڕیار بدەن تا نەکا مافی مرۆڤ لە پێناو بەرژەوەندیی سیاسی‌و ئابووری‌دا فیدا بکرێ.

٢ـ بە سەرنجدان بەوەی کە وتوویژەکانی سێ ساڵی رابردوو هیچ ئاکامێکیان نەبووەو قەول‌و بەڵێنی‌یەکانی رێژیم تەنیا تراویلکە بوون، لە درێژەی وتوویژەکانتان‌داو لە هەنگاوی یەکەم‌دا داوا بکەن هەموو زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان ئازاد بکرێن‌و هەموو ناوەندە ئاشکراو نهێنی‌یەکانی سەرکوتکردن دابخرێن.

٣ـ ئەگەر بەندی ٢یان لێ قەبوڵ نەکردن، لەسەر دیاریکردنی چاوەدێرێکی دائیمیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ وەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ لە ئێراندا پێداگرن.

لە دۆخی قەبوڵنەکردنی بەندی ٢ لەلایەن رێژیمەوە، مەحکوومکردنی ئەو رێژیمە بە پێشێلکەری مافی مرۆڤ تەنیا دەتوانێ بە مانای ئەوە بێ کە یەکیەتیی ئورووپا سووربوونی لەسەر مافی مرۆڤ تەنیا بۆ هێورکردنەوەی بیروڕای گشتی‌یەو مافی مرۆڤ بەردەوام دەتوانێ فیدای بەرژەوەندی‌یە سیاسی‌و ئابووری‌یەکان بکرێ.

ـ ئەنجومەنی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە ئێراندا ـ مونترال ـ کانادا

ـ ئەنجومەنی داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ـ بلژیك

ـ کانوونی ئەندێشە، وتوویژو مافی مرۆڤ لە ئێراندا ـ تورنتۆ ـ کانادا

ـ تێکۆشەرانی ئێرانیی مافی مرۆڤ ـ ئاڵمان

ـ کانوونی دیفاع لە دێموکراسی لە ئێراندا ـ هولەند

ـ کۆمیتەی ئیقدام بۆ ئازادی زیندانیانی ئیدئۆلۆژی‌و سیاسی لە ئێراندا ـ پاریس

ـ کۆمیتەی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە ئێراندا ـ سوئێد

ـ کۆمیتەی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە ئێراندا ـ کالیفۆرنیا، ئامریکا

ـ کۆمیتەی نووران [کۆمیتەی دیفاع] لە مافی مرۆڤ لە ئێراندا ـ نورویژ

ـ رێکخراوی ئێرانی‌یەکانی رۆژئاوای کانادا ـ ونکوێر ـ کانادا

ـ تێکۆشەرانی دیفاع لە مافی مرۆڤ

ـ کۆمیتەی دیفاع لە ئازادی‌و دێموکراسی لە ئێراندا ـ ئۆتریش

ـ ئەنجومەنی لایەنگرانی مافی مرۆڤ‌و دێموکراسی لە ئێران ـ فەرانسە

ـ ئەنجومەنی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە ئێراندا ـ واشنگتۆن ـ ئامریکا

ـ چالاکانی ئێرانیی مافی مرۆڤ ـ سوئیس

❊ ❊ ❊

کێشەی نەتەوایەتی و شوێنی لە جیهانی نوێدا

کەریم پەرویزی

دیاردەی بەجیهانیبوون، دیاردەیەکە کە لە کۆڕو کۆمەڵە فەرهەنگیو فکریو سیاسییەکاندا باسی لێوە دەکرێو تەنانەت کێشراوەتە نێو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاش. رۆژانە لە کانالگەلی جۆراوجۆرو بە بۆنەگەلی جیاوازەوە باس لە بەجیهانیبوونو دنیای نوێو چاخێکیتر دەکرێو هەموان لە شوێنداریی لەسەر دیاردە جۆربەجۆرەکانی ژیان، لەسەر ئابووری، رامیاری، هاوپێوەندیی کۆمەڵایەتی، لەسەر بیرو هزری خەڵکو لەسەر ئامانجە ئینسانییەکان دەدوێن. لە دڵی جیهانی کۆنەوە، جیهانێکی تازە لە دایك بووەو ئەم رەنگ گۆڕینو سەرهەڵدانی دنیای نوێ لەنێو تەلارە کۆنەکاندا، بۆتە هۆی ئاڵۆزترو ناڕوونتربوونی کێشەکە. تێگەیشتن لە نێوەرۆکی ئەم دیاردەو زاڵبوون بەسەر رەهەندە جۆراوجۆرەکانیدا پێویستیی بە کات هەیە. دەبێ زەمانێك تێپەڕێ تا زۆرێ لە رەهەندە نەناسراوەکانی بناسرێنو بەهرەو تواناکانی وەگەڕ بخرێن.

بۆ گەلی کوردو هێزە سیاسیو فیکرییەکانی کورد، ناسینو وشیاری سەبارەت بەم دیاردەیەو زانینی هەلەکانو مەترسییەکانی بۆ کۆمەڵگای کورد، گرنگییەکی ژیانەکیو پێویستییەکی مێژوویی‌یە، هەتاکوو بە زانستو وشیاری لەسەر ئەو دنیایەی کە خەریکە دادەڕێژرێتەوە، بتوانێ خۆی بۆ جێبەجێکردنی رۆڵی تایبەت لەودا ئامادە بکا.

بە تەواوی ناسینی ئەم دیاردەیە، هەروا کە گوترا پێویستیی بە تێپەڕینی زەمانو رووبوونەوەی قوژبنە تاریکەکانی هەیە. بەڵام دەکرێ بە خوێندنەوەی ئەوەی کە تا ئێستا لەم بارەوە گوتراوەو بە سەرنجدان بەو رووداوانەی تا ئێستا رووبان داوەو لەڕاستیدا بە شیکردنەوەی خۆدەرخستنە هەنووکەییەکانی ئەم دیاردەیە، لەبیری خۆ ئامادەکردن بۆ داهاتوودا بین.

رووما جیاوازەکانی بەجیهانیبوون، شوێندانانە جۆراوجۆرەکانیو رەهەندە جۆربەجۆرە ئابووری، رامیاریو کۆمەڵایەتییەکانی بەجۆرێکن کە هەر کامەیان باسێکی قوولو خوێندنەوەیەکی بەربڵاو هەڵدەگرێ. بەڵام لەم دەرفەتە کورتەدا، هەوڵ دەدرێ کە دەلاقەیەکی بچووك بەرەو شوێندانەریی بەجیهانیبوون لەسەر شوناسی نەتەوەیی بکرێتەوەو بەتایبەت ئەو هەلانەی کە ئەم دیاردەیە بۆ گەلانی بندەست دەیانڕەخسێنێ، دەستنیشان بکرێن.

بەڵام، بەر لە چوونە نێو باسەکەوە، پێویستیمان بە پێناسەیەکی بەجیهانیبوون هەیە. پێناسەگەلی جۆراوجۆر لە بەجیهانیبوون کراونو بیرکردنەوەکان لەو بارەیەوە جیاوازن. کەسانێك بەجیهانیبوون بە پەرەپەستاندنو بەربڵاوبوونی ئاڵوێرو پێوەندییە نێونەتەوەییەکان دەزانن، کەسانێکیتر بەجیهانیبوونی ئابووریو لەڕاستیدا بە لاچوونی گومرکو کاملبوونەوەی سنوورە ئابوورییەکانی دەزانن. دەستەیەك بە جیهانیبوونی بەهاو دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتیو بەتایبەت بەها رۆژئاواییەکانی دەزانن.

باشترینو گونجاوترین پێناسەیەك کە لەگەڵ ئەم دیاردەیەو دەرکەوتەکانیدا بێتەوە، پێناسەیەکە کە شوێندانانی ئەم دیاردەیەی لەسەر پێوەندیی نێوانو کاتو شوێندا وەبەرچاو گرتبێ.

"بەجیهانیبوون بریتییە لە رەوتی چڕبوونەوەی هەرچی زیاتری کاتو شوێن کە لە رێی ئەوەوە، خەڵکانی جیهان کەم تا زۆرو بەشێوەیەکی تاڕادەیەك وشیارانە لە کۆمەڵگایەکی جیهانیی یەکەدا تێکەڵ دەبن."[١]

یان هەروا کە "شولت" لە کتێبی "تێڕوانینێکی وردبینانە بۆ دیاردەی بەجیهانیبوون"دا هێناویەتی: "بەجیهانیبوون وەکوو هەرێمسڕینەوە وەردەگیرێ کە نووسەری ئەم کتێبە لە باتیی ئەم دەستەواژەیە ناوزەدی هەڵکشانی پێوەندیی "سەروو هەرێمی"ی نێوان خەڵك بە باشتر دەزانێ. بەم شێوەیە بەجیهانیبوون بریتییە لە جۆرێك گۆڕانکاریی بەربڵاو لە چییەتیی کەشی کۆمەڵایەتیدا."[٢]

ئەو بۆ روونکردنەوەی ئەم پێناسەیە کۆمەڵێك لە چالاکییەکانی نێو ژیانی کۆمەڵایەتیی هاوچەرخ وەکوو نموونە دێنێتەوە:

"بۆ وێنە، لەباری پێوەندییەکانەوە، ژمارێکی بەربڵاو لە پێوەندییە سەروو هەرێمییەکان لە رێی تونێلە هەوایییەکانەوە، شەپۆلە ئەلکترۆ مغناتیسییەکانو لەرزانە نووریەکانەوە دەگیرێن. پێوەندییە جیهانییەکان، ئەم دەرەتانەیان بۆ خەڵکانی دنیا رەخساندوە کە تاڕادەیەك بێ مەوداو خێراو بەزۆری، بێ لەبەرچاوگرتنی مەودای نێوان ناوچەکانو سنوورە جوغرافییەکان، لەگەڵ یەکدا پێوەندی بگرن... پێوەندییە دوورە مەوداکان، تێلگراف، تەلەفون، پۆستی وێنەیی، تێلێکس، کۆنفرانسی ویدیۆییو تۆڕە کامپیۆتێرییەکان، توانای ئاڵوێرکردنی خێرای نیشانەکان، دەق، وێنەو دەنگ لەنێوان خەڵکدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتی ناوچەیی ئەوان یان مەوداو سنوورەکانی نێوانیان بەخشیوە."[٣]

بەم پێیە بەم پێناسەیە لە بەجیهانیبوون دەگەین کە بەجیهانیبوون بریتییە لە پەرەئەستاندنی پێوەندییەکانی سەروو هەرێمی یان بەربڵاوبوونی پێوەندییەکانی نەبەسترواە بە جوغرافیا کە لە چوارچێوەکانی زەمان تێپەڕیون، بەشێوەیەك کە پێوەندیی نێوان دوو شوێن لەمبەرو ئەوبەری دنیادا کە پێشتر بەساڵانی دەخایاند، ئێستا لەبەر شۆڕشی تێکنۆلۆژیك لە چاوترووکانێکدا جێبەجێ دەبێ.

بۆ روونبوونەوەی شوێندانانی ئەم دیاردەیە لەسەر کێشەی نەتەوایەتیو شوناسی نەتەوەیی، پێویستیمان بە پێناسەیەکی شوناسی نەتەوەییش هەیە. بەڵام بۆ ناسینی شوناسی نەتەوەیی، لە پێشدا شوناس پێناسە دەکەین تا بزانین کە مەبەست لە شوناس چیە؟

"شوناس بریتییە لە رەوتی واتاسازی لەسەر ئەساسی تایبەتمەندییەك یا کۆمەڵێکی پێکەوە گرێدراوی تایبەتمەندی کە لە بەرامبەر سەرچاوە واتاییەکانیتردا زیاتر گرنگیان پێ دەدرێ... دەکرێ دوو تایبەتمەندی بۆ شوناس، نێوبرێ: ١ـ شوناس جیاوازیدانەری نێوان "من"و "ئێمە" لەگەڵ "ئەویتر"و "ئەوانیتر" دایەو ٢ـ شوناس بە گرنگترین سەرچاوەی ناسین، سۆز، هەستو رێکخستنی ئاکارەکانی بەکۆمەڵو تاك دادنرێ."[٤]

"هەرکات ئەندامانی کۆمەڵێك بەشێوەیەکی وشیارانە خۆیان بە گرووپێك بزانن کە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکتردا نیزامێکی هاوبەشی سەمبول، واتاو بایەخیان هەبێ، شوناسێکی فەرهەنگیی هاوبەشیان هەیە."[٥]

لە ئاکامدا شوناسی نەتەوەییش رەوتێکە کە لەودا کۆمەڵێك لە ئینسانەکان بە لەبەرچاوگرتنی هەندێك تایبەتمەندی، خۆیان بە نەتەوەیەك دەزانن. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کراونو بە لەبەرچاوگرتنی رەوتی پێکهێنانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان، چەند تایبەتمەندیی گرینگ، بوون بە سەرچاوەی شوناسی نەتەوەیی، وەکوو: زمان، دین، رەگەز، مێژووو هەرێمی جوغرافیایی.

"نەتەوەیەك وەکوو شێوازێك لە کۆمەڵگا کاتێك دەردەکەوێ کە بەسترابێتەوە بە نیشتمانێك یان هەرێمێکی جوغرافیایی تایبەتەوە."[٦]

"نەتەوەیەك بە پێداگرتن لەسەر ئەو تایبەتمەندییە فەرهەنگییانەی کە لە ئەوانیتر جیای دەکاتەوە، خۆی پێناسە دەکا. ئەم تایبەتمەندییە بەڕواڵەت تایبەتییە، لەوانەیە لەگەڵ زمان، دابونەریت، شێوەکانی هونەر، ئایینزا، رەگەزو...دا پێوەندیی هەبێ."[٧]

نەتەوەو تێگەیشتنەکان لەم چەمکە، لە ئەساسدا چەمكو بۆچوونێکی مۆدێرنن کە دەسکەوتی شۆڕشی پیشەسازی لە ئورووپاو بەتایبەتی شۆڕشی فەرانسەیە. لە ئورووپاداو لە رەوتی بەرەوپێشچوونو مێژوویی کۆمەڵگادا، نەتەوەگەلی جۆراوجۆر لە دڵی ئیمپراتوورییە کۆنەکانەوە سەریان هەڵداو دەوڵەتی تایبەتی خۆیان دامەزراند. بەڵام لە هەندێ وڵاتی فرەنەتەوەیی وەکوو ئێران، لە کاتێکی تایبەتیداو بە کەڵکوەرگرتنی نارەوا لە چەمکە مۆدێرنەکان، هەلە نێونەتەوەییەکانیان قواستەوەو بە سەرکوتی گەلانی بندەست، هەوڵی خولقاندنی شوناسێکیساختەیان بۆ خەڵکانی وڵات دا کە بە زۆری ئەم شوناسە، پێگەکانی خۆی لە فەرهەنگی نەتەوەکان، ئاڵووێری فەرهەنگیی یەکسانو هاوتا دەکەنو بەشێوەیەکی بەرابەرو بە کەڵكوەرگرتن لە دەسکەوتەکانی یەکتر، فەرهەنگی خۆیان دەوڵەمەندتر دەکەن. لەم ئاڵووێرەدا هیچ کام لە نەتەوەکان، بالادەست نینو بەشێوەیەکی هاوتا، پێوەندییەکی ئاسۆییو دوولایەنەیان پێکەوە هەیە. بەڵام ئەم پێوەندییە لە ئێراندا و لەبەر مەزنخوازیی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، دەستی تێوەردراوەو شێوازێکی دەستکردی پێدراوە. هەموو کاتێك دەسەڵاتی ناوەندی لە رێگەی کاناڵە جۆربەجۆرەکانەوە کە لەبەر دەستیدا بووە، خەریکی دروستکردنی شوناسێکی دیاریکراو بۆ نەتەوە بندەستەکان بووە. لە هاتنە سەرکاری رەزاخانەوە تا ئێستاو بەهۆی گرتنەبەری ئاوا سیاسەتگەلێك لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، هەموو کاتێك لە ئێراندا کێشەیەك بەناوی کێشەی نەتەوایەتی هەبووە کە هەر کاتێكو لە هەلومەرجێکی مێژوویی لەباردا کە هەلی خۆ دەرخستنی بۆ رەخسابێ، دەسەڵاتی حوکمداری لە ئێران توشی گرفتو قەیران کردوە.

"وا دیارە کە تێکەڵاویی شەقامی یەك لایەنەو پێوەندیی ئەستوونی، تێکەڵاویی‌یەکی سەیرەو هاوشێوەکەی تەنیا لەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێ کە کەمایەتییە فەرهەنگییەکان، بێئەوەی کە دەستیان بە سەرچاوەگەلی دیکە رابگا، بە ئاوا شەقامێکی یەك لایەنەو بەشێوەی ئەستوونی گەمارۆ دراین. بەم شێوەیەو لە هەلومەرجێکی ئاوادا دەتوانین بە گوێگرانی نارازی ناوبەرین. گوێگرگەلێك کە هەرکات دەسەڵاتی هەڵبژاردنیان هەبێ، دەبێ چاوەڕوانیی ئەوە بکرێ کە دەست لە گوێگرتنیان هەڵگرن."[١٠]

"لە هەندێ لە وڵاتە فرەگەلییەکاندا، جۆرگەلی هاوشێوەی زێدەبایی، لە ئاڵووێرە فەرهەنگییەکان لەنێوان دەسەڵاتی ناوەندیو ناوچەکانی دەوروبەریدا دەست دەکەوێ. ئەم تەرازی مەنفییە لە درێژخایەندا جگە لە کێشەو قەیران، هیچ دەسکەوتێکی دیکەی نابێ."[١١]

لە سەدەم بیستەمدا، بەشێك زۆر لە بیرمەندانو تیۆریسینەکان، بە لەبەرچاوگرتنی دیاردەگەلی وەکوو بەربڵاوبوونو بەجیهانیبوونی ئابووریو لەبەر شۆڕشی پێوەندییەکانو زانیاری، رایان وابوو کە ناسیۆنالیزم بەرەو کزبوون دەڕواو خەڵکانی دنیا بەرەو جۆرێك هاوپێوەندیی جیهانی دەڕۆن کە لەودا هیچ نیشانێك لە حەزو ویستە ناوچەییەکان نیە، تا ئەو رادەیە کە باسیان لە گوندی جیهانی دەکرد. لە ئێرانیشداو بە کەڵکی نابەجێ وەرگرتن لەم بابەتە، دەستیان دایە سەرکوتو بە سووکزانینی ویستە نەتەوەییەکانی گەلانی بندەست. هەر جۆرە هێنانەئارایەکی ویستە نەتەوەییەکانیان کۆنەپەرستانەو بە نیشانەی دواکەوتوویی‌و عەشیرەگەرایی دەزانی. بەڵام رەوتی مێژووو رووداوەکانی دوایین ساڵەکانی سەدەی بیستەم، پێچەوانەی ئەم بۆچوونانەیان دەرخست:

"لە ساڵی ١٩٩٠دا لە کەمتر لە ٢٠٠ وڵاتدا زیاتر لە ٨٠٠ بزووتنەوەی نەتەوەیی هەبوو."[١٢]

"لە ئاخرەکانی دەیەی ٨٠و سەرەتاکانی دەیەی ٩٠دا، کێشەی مافی کەمایەتییەکان بوو بە یەکێك لە گرنگترین کێشە جیهانییەکان. زۆرێ لە پێکدادانەکان هەڵقوڵاوی ناڕازیبوونی کەمایەتییەکانن کە لەو نارەزایەتی دەربڕینو هەڵاواردنانەوە سەرچاوە دەگرن کە لە مێژە لەبەرچاو نەگیراون."[١٣]

"لە کۆتاییی‌یەکانی سەدەی بیستەمدا، جیهان زەقبوونەوەی فەرهەنگ یان تایبەتگەریی بە خۆوە دیوە. دەتوانین لە نموونە جۆربەجۆرەکانی تایبەتگەریی فەرهەنگیو راپەڕینو پێکدادانە قەومییەکانو بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان ناو بەرین کە بە "شەپۆلی سێهەمی ناسیۆنالیزم" دەناسرێن."[١٤]

ئێستا کە دیاردەیەکی نوێ لە جیهاندا هاتۆتە ئاراوەو جیهان لە بەردەمی گۆڕانکارییەکی قووڵ دایە، سیاسەتە کۆنو مەزنیخوازانەکانی دەسەڵاتە نارەواکانو بەتایبەت دەسەڵاتی توێنەرەوەخوازیی دەسەڵاتداران لە ئێراندا لەگەل زۆر قەیران بەرەوڕوو دەبن. یەکێك لە گرنگترین گیروگرفتەکان، کێشەی نەتەوەکانی بندەست لە ئێران دایە کە لە جیهانی نوێداو بە کەڵكوەرگرتن لەو هەلانە کە ئەم دیاردەیە بۆیانی دەڕەخسێنێ، دەسەڵاتی ناوەندی تووشی قەیران دەکەن.

دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە ئێراندا، هەموو کات لە رێگەی کاناڵە رەسمییەکانییەوە دەستی داوەتە وەشاندنو بڵاوکردنەوەی سیاسەتی خوازراوی خۆیو پەرەی بەو شوناسە لەرزۆك و درێنەی دەسکردنی خۆی داوەو گەلانی بندەستیش زانیاریی‌یە پێویستەکانیان زۆرتر لە رێگەی ئەم کاناڵانەوە بەدەست هێناوە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەکە زۆر جار لەبەر سیاسەتەکانی دەسەڵاتی ناوەندی تووشی قەیرانی شوناسو تووشی لەخۆنامۆبوون بن. بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆداو لەبەر ئەو بارودۆخانەی کە ئاماژەیان پێدرا، دیاردەی بەجیهانیبوون هەلی زۆر بۆ نەتەوەکانی بندەست دەڕەخسێنێ کە بتوانن ویستەکانیان باس بکەنو لە دەرەوەی کاناڵە رەسمییەکانی فەرمانڕەواوە لەگەڵ جیهانی دەرەوە پێوەندی بگرنو خۆیان دەربخەنو پێناسەی شوناسی خۆیان بکەن.

"لەبەر گەشەسەندنی تێکنۆلۆژییە تازەکانی پێوەندیگرتنو بنەماکانی لە سەرتاسەری وڵاتەکانی جیهاندا، مافەکانی کەسایەتییەکانیش گرنگییەکی زۆرتریان پەیدا کردوەو لەڕاستیدا بۆتە هۆی پێکهاتنی مەترسی بۆ دەسەڵاتەکانو هەل بۆ کەمایەتییەکان."[١٥]

بەجیهانیبوون بەچەند شێوە شوێنی لەسەر کێشەی نەتەوایەتی داناوە. بەتایبەت بۆ نەتەوە بندەستەکان بۆتە هۆی هەڵدانی وشیاریی نەتەوایەتیو بەهێزبوونی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی. بەجیهانیبوون دەسەڵاتی ناوەندیی لاواز کردوەو هێزی دەوڵەتیی کز کردۆتەوە. لەبەر پێوەندیو رێسا نوێیەکان چیتر سەربەخۆیی تەواویان نیەو ناچارن مل بۆ بەهاو یاسا نێونەتەوەییەکان کەچ بکەن. ئەگەر لە رابردوودا رێز بۆ سەروەریی پاوانکراوو بێدەستێوەردانی هێزە دەرەکییەکانی دەنرا، ئەمڕۆ بیروڕای گشتی خوازیاری رێزدانان بۆ بەها جیهانگیرەکانو دەسکەوتەکانی مرۆڤ وەك جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤو بەڕێوەبردنی دێموکراسییە.

"بەگشتی مافی حوکمداری پێویستیی بە دەسەڵاتێکی بەهێزو بێئەملاو ئەولاو گشتگیرو پاوانکراو

بۆ لاپەڕەی ١١



کورد، عەقڵانییەتی هزری و عەقڵانییەتی ئامێری

مەحموود شێرزاد

سەردەمی تەریکی بەسەر چووە، لەو سەردەمەدا بە دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتەوە، لە بواریێك لە بوارەکاندا، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کەوتوونەتە ناو پرۆسە جیددیو کێشەکانی هاوچەرخەوە. ئێستا قۆناغی خۆ بەراوردکردنە، قۆناغێك کە جیا لە خۆت کەسانێکی دیکەش دەبینی کە هەڵگری فۆرمێکی دیکەو هەڵگری مۆدێلێکی دیکەن بۆ روانین، بۆ بیرکردنەوە، بۆ ژیانو... هتد. ئەو قۆناغە هەموو تاك و کۆمەڵگایەك دەبێ ئەزموونی بکا، چونکە لەو ترمینالەوە کۆتایی بە قۆناغو کەلتوورێك دێ یا لانیکەم کەلتوورو قۆناغێك دەکەوێتە ناو بازنەی گومانو پرسیارو ڕەخنەوە کە هەموان سەردەمانێك لە ناویدا ژیاونو دەرئەنجامەکانیان بینیوە، ئەویش کەلتووری خۆ بە هەقیقەتکردن یا کەلتووری خۆ وەك هەقیقەت بینینە. کەلتوورێك چەندین سەدە کۆنەپەرستیو چەقبەستوییو مانەوە لە شوێنو کاتێکی دیاریکراوی بەرهەم هێناوە، کەلتوورێکی دوگمو نەگۆڕ. بێشك لە قۆناغی بینینی ئەوانی دیکەوە قۆناغێکی دیکە دەست پێ دەکا، واتە قۆناغی بوون بە "واقیع"، بە واتایەکی دیکە قۆناغی گوازرانەوەی مرۆڤو کەلتووری نەگۆڕ بۆ ناو مرۆڤو کەلتوورێکی گۆڕانتەوەر، مرۆڤو کەلتوورێك کە چیدیکە خۆی بە نەگۆڕ نازانێو لە پێناو مانەوەدا بەردەوام کراژ فڕێ دەدا. لێرەوە هەموان دەکەونە ناو تۆفانی ئاڵۆگۆڕە خێراکانو تۆفانی کێشەو پێداویستیی هاوبەشو سەردەمییەکانەوە. لەو سەردەمەدا هەموو تاك ـ کۆمەڵگایەك ناچارە خاوەنی دوو ڕۆحو دوو جەستە بێ، ڕۆحو جەستەیەکی نەتەوەییو ناوچەیی، ڕۆحو جەستەیەکی جیهانی، لە هەمان کاتیشدا بە یەکەوە گرێدراو، بەجۆرێك کە بەردەوام پێوەندییان لەگەڵ یەکتریدا هەبێ. بەڵام ئەوەی ڕاستە ئەوەیە کە تەواوی کێشەو پێداویستییەکانی جیهان، سەر بە دوو عەقڵانییەتنو هەر لە ڕێگەی ئەو دوو عەقڵانییەتەشەوە دەبێ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، واتە عەقڵانییەتی ئامێریو عەقڵانییەتی هزری:

عەقڵانییەتی ئامێری

لە پێناسە گشتییەکەیدا عەقڵانییەتی ئامێری، بزووتنەوەیەکە لەسەر ئاستی فۆرمو کەرەسەو تێکنیکەکان دێتە ئاراوە، بەجۆرێك کە پێوەندی بە جیهانی دەرەوەو فۆرمێکی مرۆڤو کۆمەڵگاوە هەیە، بۆ وێنە لە بەرهەمهێنانو دەستکاریکردنی جلوبەرگەوە تا دەگاتە بەرهەمهێنانو دەستکاریکردنی ئاڵۆزترینو مۆدێرنترین کەرەسەکانی بەرهەمهێنانی ئابووریو پیشەییو نیزامییو... هتد، بە سەرەکیترین ئامانجی عەقڵانییەتی ئامێری دادەنرێن. واتە عەقڵانییەتی ئامێری دەبێ هەوڵ بدا لەو بوارەدا وەڵامی کۆی ئەو پێداویستییانە بداتەوە کە بۆ هەر کۆمەڵگایەك دێنە ئاراوە. ئەگەر لێرەوە بە قەولی پێکهاتەخوازەکان لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی ناوزەمانییەوە بگەڕێنەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی عەقڵانییەتی ئامێریی کوردی. دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتەی کە کورد بۆ یەکەمجار بیری لە بەرهەمهێنانی سەرەتاییترینی ئەو ئامرازانە کردەوە کە ئەو کات پێویستی پێ بوون، کە چی دەبینین ڕەوتی وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکە کەرەستەییەکان لە ئەنجامدا بەرهەمهێنانی ئابووری پیشەییو نیزامییو... هتد، بە سەرەکیترین ئامانجی عەقڵانییەتی ئامێری دادەنرێن. واتە عەقڵانییەتی ئامێری دەبێ هەوڵ بدا لەو بوارەدا وەڵامی کۆی ئەو پێداویستییانە بداتەوە کە بۆ هەر کۆمەڵگایەك دێنە ئاراوە. ئەگەر لێرەوە دوو جەستە بێ، ڕۆحو جەستەیەکی نەتەوەییو ناوچەیی، ڕۆحو جەستەیەکی جیهانی، لە هەمان کاتیشدا بە یەکەوە گرێدراو، بەجۆرێك کە بەردەوام پێوەندییان لەگەڵ یەکتریدا هەبێ. بەڵام ئەوەی ڕاستە ئەوەیە کە تەواوی کێشەو پێداویستییەکانی جیهان، سەر بە دوو عەقڵانییەتنو هەر لە ڕێگەی ئەو دوو عەقڵانییەتەشەوە دەبێ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، واتە عەقڵانییەتی ئامێریو عەقڵانییەتی هزری:

عەقڵانییەتی هزری

عەقڵانییەتی هزری، بە پێچەوانەی عەقڵانییەتی ئامێری، جووڵە، ئاڵۆگۆڕ یا گۆڕانی بەردەوامو هۆنە کۆمەڵایەتی... هتد، یا مەجالی کارکردنی پێ نەدراوە یا ڕەنگە کەمترین پێداویستیی بۆ هاتبێتە پێش، بەڵام ئەو ڕەوتە بەرەبەرە دێو لە هێندێ قۆناغدا چ لە ڕێگەی خۆیەوەو چ بەهۆی دەستێکی دەرەکی بووبێ، جموجوڵێك و جووڵەیەك لە خۆی نیشان دەدا. بۆ وێنە دەکرێ بڵێین بۆ یەکەمجار ڕەنگە لە سەردەمی میری ڕەواندزدا، لەو بوارەدا بەسەر قۆناغێکی بەتەواوی جیاوازدا بکەوین، واتە قۆناغی سەرهەڵدانی مۆدێرنیزاسیۆنێکی ناوچەیی.

بە مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگای کوردیش، وەك زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاکانی دیکە، بۆ یەکەمجار لە بواری نیزامیو هێنانەئارای چەك و چۆڵی نیزامییەوە دەست پێ دەکا. "کاتێ کە میری ڕەواندز لە ڕاپەڕینەکەیدا هێندێ لە ناوچەکانی دەوروبەری ڕەواندز دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، لە نێو ئاوەدانیەکاندا کۆمەڵێك قەڵا ساز دەکاو هەروەها کۆمەڵێك شوورەشیان بەدەوردا هەڵدەچنێ، بەڵام ئەو کاتە دەکەوێتە بیری ئەوەی کە ئەگەر چەك و جبەخانەیەکی نەبێ ناتوانێ بە ئامانجەکانی بگا، هەربۆیەش کەسانێك دەستنیشان دەکا لە ناوچەکانی ژێر فەرمانی ئەودا بکەونە شوێن دۆزینەوەی کانگای ئاسنو قەڵایی و مەووادی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی چەك و چۆڵ، دوای ئەوە کە چەندین کانگایان لە چیاکانی ڕەواندزدا دۆزیەوە، ناردی لە تەورێز ڕا وەستایەکی چەخماخسازیان بۆ هێناو هەر لە "ڕەواندز" ناوەندێکی بەرهەمهێنانی تۆپو تفەنگو دەمانچەو تەنانەت خەنجەرو شمشێریشیان بنیات نا. پاشان لەشکرێکی خاوەن دیسیپلینو ڕێکوپێکی ٥٠ هەزار کەسی پێك هێنا."[1]

ئەو قۆناغە دەکرێ وەك بنەمای مۆدێرنیزەکردنی ڕاپەڕینی کوردیو کۆمەڵگای کوردی چاوی لێبکرێ، لێرەوە ڕەوتێکی جیاواز دەست پێ دەکاو پاشان لەلایەن بەدرخانەکانەوەو هەروەها لەلایەن شۆڕشەکانی سەردار ڕەشیدو شێخ مەحموودو سمکۆو مەلا مستەفا بارزانیو کۆمەڵەی ژێکافو پێشەوا قازیو... هتد تاکوو ئێستاش نە تەنیا هەر لە بواری نیزامیدا، بەڵکوو لە سەرجەم بوارەکانی وەك شۆڕش، خوێندەواری، ڕۆژنامەوانی، کشتوکاڵیو پیشەییو... پێوەندیدار بە ژیانی ئەوکاتو ئێستای نەتەوەی کورد درێژە دراوەو ئێستا خەریکە لەسەر بنەمایەکی دیکە ڕەوتی گەشەسەندنی خۆی دەپێوێ. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ عەقڵانییەتی ئامێریی کوردی لە هەموو قۆناغەکاندا و ئێستا زۆر بەرچاوتر، زیاتر لەوە عەقڵانییەتێکی بەرهەمهێن بێ، عەقڵانییەتی چاو لەدەستو حازرخۆر بووە، بۆ وێنە میری ڕەواندز کانگای مەووادە پێویستەکان دەدۆزێتەوە، کەچی لە تەورێزەوە کەسێکی خاوەن تێکنیك دێنێ بۆ بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی لە بواری نیزامیدا. بەڵام کاتێ لەلایەك تێکنۆلۆژیی مۆدێرنی ڕۆژئاوا زیاتر گەشە دەکاو لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی کاڵبوونەوەی سنوورەکانو چوونە سەری ئاستی پێداویستییە کەرەستەییە ژیانییەکان لەسەر ئاستی ناوچەو کۆمەڵگای کوردیو هەروەها بێوەڵام مانەوەی ئەوەندە کەرەسە سوننەتیو خۆماڵییەش لە ئاست پێداویستییە نوێیەکانەوە، ئاستی حازرخۆری عەقڵانییەتی ئامێریی کوردی زیاتر دەچێتە سەرو بەجۆرێك کە لەلایەك لە هیچ بوارێکدا هیچ هیوایەکی بە کەرەسە خۆماڵییەکانو بەرهەمهێنانی لەو بوارەدا نامێنێ، لەلایەکی دیکەشەوە لەلایەن هێزە دەرەکیو باڵادەستەکانەوە سەرکوت دەکرێ. بۆ وێنە سوڵتان مەحموودی عوسمانیو ... زاهێزێکی وەك ئاڵمان ئەوکات ڕاستەوخۆ ڕۆڵی نەرێنییان گێڕاوە لەو پێوەندییەدا. لە بەرامبەریشدا لە هەر بوارێکەوە پێویستی بە کەرەسەیەك هەبێ، مۆدێرنترین کەرەسەی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی دەخرێتە بەر دەستی، لێرەوە سەرچاوەی ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژئاوا، ڕەوتێك کە نە تەنیا لەلایەن هیچ کۆمەڵگایەکەوە ئێستاش بە هیچ جۆر لە هیچ بوارێکەوە بەو شێوە بەرپەرچ نەدراوەتەوە، بەڵکوو بەهۆی پێداویستیی ژیانەکییەوە داخراوترین کۆمەڵگاو تەنانەت لەلایەن فێندەمیتاڵترین هێزەکانیشەوە پێشوازیی لێ دەکرێو وەردەگیرێ. ئەوە لە حاڵێك دایە کە تا ئێستاش ڕۆژهەڵات بە پێچەوانە، لە بواری هزرییەوە ئەگەر بۆی بکرێ کەمترین بوار بە هاتنە ناوەوەی کەلتوورو فکریی ڕۆژئاوایی نادا و هەمیشەش لە بەرامبەر ئەو بوارەدا بە هەستیاریەوەو زۆر جار بە تەواوی بە دژی ڕاوەستاوە، تەنانەت هەروەك دەبینین تا ئێستا لە چەندین ڕەهەندی جیاجیادا توندوتیژیو کارەساتو تراژیدی لێکەوتۆتەوە. بەڵام ئەم ڕەوتەش پێشی پێ ناگیرێ، چونکە هەتا ڕەوتی وەرگرتنی کەرەسەی مۆدێرن درێژەی هەیە، فکرێکی نوێش دەبێ بێو کار بەو کەرەسە نوێیانە بکا، هەربۆیەش بیرمەندان دەڵێن هەرکاتێ مۆدێرنیزم هاتبێ مۆدێرنیتەش بەشوێنیدا هاتوە، بەڵام مۆدێرنیتەیەکی سەقەت. هۆکارەکانی سەقەت پراکتیزەبوونی مۆدێرنیتە لەو چەشنە کۆمەڵگایانەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەوە پرسیارێکە لە پێناسەو ڕاڤەی عەقڵانییەتی هزریدا وەڵامی دەدەینەوە.

عەقڵانییەتی هزری

عەقڵانییەتی هزری، بە پێچەوانەی عەقڵانییەتی ئامێری، جووڵە، ئاڵۆگۆڕ یا بزووتنەوەیەکە لە دەروونداڕوو دەدا، واتە سەر بە دنیای فیکرو چەمکەکانەو پێوەندی بە جیهانی ناوەوەی مرۆڤەوە هەیە، بە جۆرێك کە دەکرێ بڵێین عەقڵانییەتی هزری بەرهەمهێنو ژینگەی کۆی ئەو ماناو چەمکانەیە کە ڕۆژانە مرۆڤ لە ناویاندا دەژیو لەسەر بنەمای ئەوانو لە ڕەهەندی ئەوانەوە دەڕوانێو بیر دەکاتەوەو هەڵسوکەوتەکانی ڕێك دەخا. مرۆڤ لەو بوارەیاندا کێشەو کۆمەڵێك پێداویستیی بنەمایی و ئاڵۆزتری هەیە لەگەڵ ژیان یا سەرچاوەی هەموو کێشەو پێداویستییەکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو بوارەیان. لێرەدا هزر ڕۆڵی ماکایەتی هەموو بوارەکانی دیکەی هزریو کەرەسەییەکان دەگێڕێ، بەو واتایە دەبێ بەردەوام خەریکی بیرکردنەوەو بەرهەمهێنانی فیکری بێ، تا بتوانێ هەم وەڵامی پێداویستییە فیکرییەکانو هەم وەڵامی پێداویستییە کەرەسەییەکان بداتەوە کە واتە عەقڵانییەتی هزری، جیا لەوەی لەسەر بنەمای پەرەپێدانی بوارە هزرییەکان کار دەکا لە هەمان کاتدا عەقڵانییەتێکی ئامێر خۆڵقێنە.

ئەگەر بمانەوێ لە چەندو چۆنیو دەرئەنجامەکانی عەقڵانییەتی هزری کوردی تێبگەین، دەبێ بگەڕینەوە بۆ ناو قووڵاییەکانی مێژوو، بۆ سەردەمی هەستکردن بە یەکەمین پێویستی، بەرهەمهێنانی یەکەمین کەرەسە، وەڵامدانەوە بە سەرەتایی ترین پێداویستییەکان، نووسینی یەکەم دەقی کوردی، بنیاتنانی یەکەمین قوتابخانە، دامەزراندنی یەکەمین حیزب، یەکەمین دەسەڵاتی کوردی... هتد. واتە گەڕانەوە بۆ ناو زەمانو خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی کۆی قۆناغەکانو ئەو فیکرە ناوخۆییو دەرەکییانەی کە لە کۆی ئەو قۆناغانەدا ئامادەییان هەبووەو کاریان کردوەو بەرهەمهێنان لێکەوتۆتەوە. هیچ شك لەوەدا نیە کە ڕەنگە دوای پرۆسەی خوێندنەوەو ڕاڤەکردنێکی ناوزەمانی، چەندین ڕاستیی وەك گۆمانکردن لە بوونو نەبوونی فیکری کوردی، بێهێزیو بێبەرهەمی ئەو فیکرە، چاو لەدەستیو حازرخۆر بوون، خۆ بە کەمزانی، داخراوبوون یان... هتدمان بۆ دەردەکەوێ، لێرەدا ئەگەر هەروا بە سانایی لەو بوارەدا بڕیار بدەینو هەڵکەوتی جوغرافیاییو بارودۆخی ناوچەو بەگشتی ڕۆژهەڵاتو هۆنەی کۆمەڵایەتیو قۆناغەکانو ڕۆڵی ئایینو کەلتووری باڵادەستی دەرەکیو...هتد لەبەرچاو نەگرین، هیچ شك لەوەدا نیە ناتوانین لە خوێندنەوەیەکی لۆژیکیدا بڕیارێکی لۆژیکی بەدەستەوە بدەین، کەواتە بە هەڵەدا دەچین، بۆ وێنە لە زۆرێك لە قۆناغەکاندا، دەبینی کەلتوورێکی دەرەکیی باڵادەست نە تەنیا لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەڵکوو لە زۆربەی ناوچەکەدا وجوودی هەبووە، بەشێوەیەك کە نەتەنیا ئەو ئاراستەی بیرکردنەوە، تەنانەت پانتایی بیرکردنەوەکانیشی دیاری کردوە. بۆ وێنە کەلتووری ئایینی یەکێکە لەو کەلتوورانەی بەردەوام لە ناوچەکەدا ڕۆڵێکی لەو چەشنەی گێڕاوە، بەجۆرێك کە مرۆڤی لەسەر زەوی هەڵقەندوەو گوازتوویەتەوە بۆ نیشتمانە خەیاڵیو ئاسمانییەکانو چوارچێوەی بیرکردنەوەو ژیانیشی بۆ دیاری کردوە، لێرەوە مرۆڤ لە کێشەو پێداویستییەکانی سەر زەوی دوور دەوێتەوە یا لانیکەم بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نادا، هەربۆیەش بیر لە چارەسەریو وەڵامدانەوەیان ناکاتەوە. ئەو ڕەوتە بە هەموو تایبەتمەندییەکانییەوە ڕەنگە هەر بەو شێوەیە بەردەوام بووبێ، بەڵام ١٠ ساڵ دوای شۆڕشی فەرانسە، "ناپلیۆن بناپارت" میسر داگیر دەکاو شۆڕشی نوێ دەگوازێتەوە بۆ ئەو وڵاتە، محەممەد عەلی پاشای مێسریش لەژێر کاریگەریی ناپلیۆندا دەسەڵاتێکی سەربەخۆی نوێ دادەمەزرێنێ. لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە محەممەد عەلی پاشا لە ڕێگەی نامەوە بەردەوام لەگەڵ میری ڕەواندز لە پێوەندیدا دەبن، ئەو جارەیان هزری نوێی پاشای میسر کاریگەری لەسەر میری ڕەواندز دادەنێو لە سەر میری ڕەواندز دادەنێو لە ئیدارەکردنی ناوچەی ژێر هەژموونی خۆیدا پراکتیزەیان دەکا. بەجۆرێك کە دەکرێ بڵێین ڕەنگە لەو بوارەشدا، سەردەمی میری ڕەواندز وەك بنەمای ڕەوتێکی جیاواز چاوی لێبکرێ، کە ئەو ڕەوتە تا دەگاتە ئێستا بەرەبەرە درێژەی هەبووەو قۆناغ بە قۆناغ هزرو کەرەسەی نوێی دیکەو ئاراستەیەکی دیکەی وەرگرتوە.

سەردەمێك خەبات لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییو سیاسییەکان بۆتە دەروازەیەك بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگا، کایەکردن بە ئیدئۆلۆژیو چەمکە مۆدێرنەکان لەو بوارەداو لە پێکهاتەیەکدا بەناوی حیزب لەڕاستیدا سەرەتای کایەکردنی کوردە بە مۆدێرنیزمو مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایی، بەڵام هەمیشە پێکهاتە واتە مۆدێرنیزم هاتوە پاپانیش هەروەك لە سەردەو باسمان کرد، مۆدێرنیتەشی بەشوێن خۆیدا هێناوە، بەڵام بە قەولی بیرمەندان مۆدێرنیتەیەکی سەقەت، هەر کاتێ مۆدێرنیزم هاتبێ، هیچ کۆسپێکی نەهاتۆتە سەر ڕێ، بەڵام مۆدێرنیتە لە هیچ یەك لە کۆمەڵگا وەرگرەکاندا وەك خۆی کە هەیە پراکتیزە ناکرێ، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە مۆدێرنیزم لە ڕێگەی دەستەوە دەگوازرێتەوەو مۆدێرنیتە لە ڕێگەی زمانەوە. واتە مۆدێرنیتە لە ڕێگەی زمانەوە دێو دەسکاری دنیای کەرەسەییو لە هەمان کاتدا دەسکاری خۆدی زمانو دنیا هزرییەکان دەکا، هەربۆیەش لەو قۆناغەدا زمانو فیکری وەرگر لەلایەن مۆدێرنیتەوە توشی کێشەو قەیرانی جیاوازو جیددی دەبن، بەجۆرێك کە هیچ سەیر نیە تا ماوەیەکی زۆر زمانو فیکری وەرگر توشی ئاڵۆزی بکا، چونکە هزرو چەمکی نوێ لەلایەن وەرگرەوە پێویستیی بە واژەو دەستەواژەی تایبەت هەیە تا بگوازرێتەوە، بەڵام هەر زمانێك بە ئەندازەی پێویست خاوەنی واژەو دەستەواژەی تایبەت نەبێ، یا بە شێوەیەکی زانستی نەیانهێنێتە ئاراوە یا لانیکەم لە زمانەکانی دیکەیان وەرنەگرێو لە زمانی خۆیدا پراکتیزەیان نەکا، ناتوانێ مۆدێرنیتە بە سەقەتی نەگوازێتەوە. هەر چەمکێك لە زمانەدا بە سەقەتی مانا بکرێتەوە، بە هەمان شێوە سەقەتییش پراکتیزە دەکرێ. دیارە بەشێکی زۆری ئەو گوازتنەوەیە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دێتە ئاراوە، کەوابوو چەندو چۆنی گوازتنەوەی هزر بەشێکی پەیوەستە بەڕادەی شارەزایی وەرگێڕو دەسەڵاتی ئەو بەسەر زمانەدا. کەوابوو ئەگەر بیرمەندان هەروەك لە سەردەو باسمان کرد، دەڵێن هەرکاتێك مۆدێرنیزم دێ مۆدێرنیتەیەکی سەقەتیشی بەشوێندا دێ، ڕاستەو لە هەنگاوی یەکەمدا بەشێکی گرنگو سەرەکیی ئەو پرۆسەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵانەی باسمان کردن، ئەوجار لە هەنگاوی دووهەمدا پەیوەستە بەهۆنەی کۆمەڵایەتیو کەلتوورییو ئەو کۆمەڵگایەو... هتد. بەڵام نەتەوەی کورد ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێك دەبێ لەگەڵ عەقڵانییەتی هزریی جیهانی بەتایبەتی جیهانی مۆدێرندا پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەبێو تیۆرییی مۆدێرن وەربگرێو لەو ڕەهەندەوە لەسەرخۆیو عەقڵانییەتی هزریو ئامێری خۆی کار بکا، بەجۆرێك کە لە دەرەوەی ڕووناکبیری ناعەقڵانی شێعری بە ڕووناکبیرێکی عەقڵانیو هاوچەرخانە بگەین، ڕووناکبیریەك کە سەرەتا کار لەسەر دوو لایەنی عەقڵییەتە ئامێریو هزرییەکانی خۆمان بکا، چونکە لەڕاستیدا نەتەوەی کورد هەرگیز خاوەنی ڕووناکبیرێکی ئەوتۆ نەبووە تا پێی بڵێ تۆ بەر لەوەی کێشەت لەگەڵ دوژمنو عەقڵانییەتە هێرشهێنەرەکانی ئەوانی دیکەوە هەبێ، کێشەت لەگەڵ خۆتو عەقڵانییەتەکانی خۆتدا هەیە. ئەمڕۆ هەر بەمەبەستی چارەسەریی ئەو کێشانە ڕەوتێکی ڕووناکبیری لەسەر بنەمایەکی زانستی ـ ڕەخنەگرانەو داهێنەرانە لە کوردستاندا دەبیندرێو خەریکە لە بچووکترین دەرفەتەکاندا، بە کەمترین ئامێرەکان کاری جیددیو هاوچەرخانە دەکاو تاڕادەیەك توانیویەتی بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیریی جیددی لە چەندین بواری ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووریو فەلسەفیو... هتد بێنێتە ئاراوە. ڕووناکبیریەك کە دەیهەوێ پێمان بڵێ کە ئەمڕۆ کورد لەسەر ئاستی دوو عەقڵانییەتی ئامێریو بەتایبەتی لەسەر ئاستی عەقڵانییەتی هزری ڕا پێویستیی بە دەیانو بگرە سەدان پرۆژەی زانستیو مێتۆدێکی هاوچەرخانە هەیە تا بتوانێ خۆیو واقیعی ناو زەمانیو ئێستایی خۆی بناسێو لە ڕێگەی ڕۆشنگەریەکی گشتگیرەوە کار بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی جیاواز بکاو لە هەمان کاتیشدا ڕێگایەك بدۆزێتەوە کە لە نائۆمێدییەوە بیگەیەنێتەوە بە ئۆمێد، لە هەقیقەتەوە بیگەڕێنێتەوە بۆ واقیع، واقیعێك کە تا ئەوپەڕی نادیارەکان مەحکووم کرابێ بە گۆڕان.

لە قۆناغی بینینی ئەوانی دیکەوە قۆناغێکی دیکە دەست پێ دەکا، واتە قۆناغی بوون بە "واقیع"، بە واتایەکی دیکە قۆناغی گوازرانەوەی مرۆڤو کەلتووری نەگۆڕ بۆ ناو مرۆڤو کەلتوورێکی گۆڕانتەوەر

نەتەوەی کورد هەرگیز خاوەنی ڕووناکبیرییەکی ئەوتۆ نەبووە تا پێی بڵێ تۆ بەر لەوەی کێشەت لەگەڵ دوژمنو عەقڵانییەتە هێرشهێنەرەکانی ئەوانی دیکەوە هەبێ، کێشەت لەگەڵ خۆتو عەقڵانییەتەکانی خۆتدا هەیە

سەرچاوە:

١ـ سەجادی ـ عەلائەدین، مێژووی ڕاپەڕینی کورد، لاپەڕەی ٤٣

هەروەك مردوو لە گۆڕدا

ئاوڕێکی کورت لە راپۆرتی "ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ" لەپێوەندی لەتەك زەردەخەنەی ژێکۆندئاسای یەکیەتیی ئورووپا بەدەم ئاخوندە دەسەلاتدارەکانی ئێرانەوە

عیرفان رەهنموون

ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ بە وەشاندنی راپۆرتێك لە ٧ی ژوئەنی ٢٠٠٤دا رایگەیاند: حکوومەتی ئێران، شکەنجە، دستبەسەرکردنی خۆڕاییو زیندانیکردنی رەخنەگرانی سیاسی زێدەتر کردوە. مانگی رابردوو پارلمانی ریفۆرمخوازی ئێران کە دەورە یاساییەکەی بەرەو تەواوبوون دەچوو، یاسای یاساغکردنی ئەشکەنجەی پەژراند. بەلام ئەم یاسایە لە هەر چەشنە پشتیوانییەکی ئیجرایی پێویست، بێبەری بوو جگە لە ژێستێکی بێنێوەرۆك هیچی لێسەوز نەبوو. ئەم راپۆرتە ٧٣ لاپەڕەییە لەژێر ناوی "وەك مردوو لە گۆڕ"دا: ئەشکەنجە، زیندانیکردنو داپلۆسینی جودابیرانی ئێران، وەك یەکەمین لێکدانەوەی چڕوپڕ سەبارەت بە هەلسوکەوت لە تەك زیندانیانی سیاسی لە زیندانی ئێوینی تاران و زیندانە شاراوەکانی دیکەی دەوروبەری پایتەخت سەیر دەکرێ کە لە ساڵی ٢٠٠٠ (واتە ساڵی دژایەتیی سیستماتیکی حکوومەتی ئێران لەتەك ئازادیی رادەربڕین)دا تا ئێستا بلاو کراوەتەوە.

"ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ"، لە راپۆرتەکەی خۆیدا: ئازارە سیستماتیکەکان دژی زیندانیانی سیاسیو هەروەها دەستبەسەرکردنە خۆڕاییەکان، لە زیندان پەستاوتنی بێدادگایی، شکەنجە بۆ وەرگرتنی ئیعتیراف، لە زیندانی درێژماوە هێشتنەوەی زیندانیان بەشێوەی ئینفرادیو ئازارو ئەشکەنجەی جەستەییو دەروونی، بە بەلگەی روونەوە خستۆتە ڕوو.

راپۆرتی ناوبراو بەو دەرەنجامە دەگا کە: کەلکوەرگرتنی بێبەزەییانەو توندوتیژ لە وەها تێکنیکگەلێك لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە، بۆتە هۆی بێدەنگکردنی بەرهەلستکارانی سیاسیو هەروەها راگەیەنە سەربەخۆکان. حکوومەتی ئێران کە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا لەگەڵ گوشاری رۆژ لە دوای رۆژ زیاتری سیاسی بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم بەرەوڕوو بووە، رەوتی بەربەرەکانێی لەتەك بەرهەلستکاران و رەخنەگرانی خۆیدا، توندوتۆلتر کردوە. ئەم راپۆرتە، هەروەها دەلێ: حکوومەتی ئێران تا مانگی ژوئەنی ٢٠٠٤، پێشی بە بلاوبوونەوەی زۆرترین ژمارەی رۆژنامە سەربەخۆکان گرتوە. لەم ماوەیەدا، هەندێ لە رۆژنامەڤان و نووسەرە ناودارەکانی ولات، هەلهاتوون و زۆرێك لە نووسەران و سیاسییە بەرجەستەکان، زیندانی کراون و سەدان کەس لە خۆیندکارە چالاکەکان لە درێژەدان بە چالاکییە سیاسییە ئاشتیخوازانەکانیان ترسێنراون.

"سارا لی وێتسۆن" بەرێوەبەری لقی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و باکووری ئافریقای "ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ" رایگەیاند: "ئەم ئیددیعایە کە ریفۆرم، کۆتایی بە ئەشکەنجە لە ئێراندا هێناوە، فڕی بەسەر راستییەوە نیە. ئەو هەروەها گوتی: "ئێستا، رۆژنامەڤانان، روناکبیران و سیاسییە چالاکەکان، زیاتر لە هەر کاتێ لە رەخنەگرتن لە حکوومەت واقیان وڕ ماوە."

لە کاتێکدا کە داخستنی رۆژنامەکان لە ئێراندا، سەرنجی راگەیەنە گشتییەکانی بۆلای خۆی راکێشاوە، بەلام چۆنیەتیو شرۆڤەی ئازارو ئەشکەنجەی رۆژنامەڤانان، روناکبیران و ئازادیخوازە یەخسیرەکان، تا ئێستا بە تەواوی و بەشێوەیەکی روون و بێ تەمومژ نەخراوەتە بەر دیدەی بیروڕای گشتیی خەلکی ئێران و جیهان.

راپۆرتی "ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ"، بە بەلگەوە، کەلکوەرگرتنی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی لە زیندانیکردنی درێژماوە بەشێوەی ئینفرادی، وەك ئامرازێ بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی جودابیران و روناکبیران، هەروەها شێوەگەلی وەرگرتنی ئیعتیرافی زۆرەکی، شی کردۆتەوە. ئەو نووسەران و روناکبیرانەی کە بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هەڤپەیڤینیان لە تەك‌دا کراوە، بە وردی باسیان لەو لێکۆڵینەوە تۆقێنەرانە کردوە کە، بۆ وەرگرتنی ئیعتیراف یان گۆڕینی بۆچوونە سیاسییەکانیان، لە کاتێکدا کە چاویان بەستوون و ترسێنراون بە ئەشکەنجەی جەستەییو دەروونی، بۆ "ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ" بە درێژی گێڕاوەتەوە. لەو راپۆرتەدا، زیندانییەکانی پێشوو، باسیان لە کەشوهەوای سللوولە ئینفرادییە ژێرزەمینییەکان کردوە کە زیندانییەکان چەندین هەفتە لە ژیانیان، بێئەوەی لەگەڵ مرۆڤدا بەرەوڕوو بن، لە تەنیاییەکی سامناك‌دا تێپەڕ کردوە. ئەوان پەردەیان لەسەر ئەم راستییە لادا کە "لەلایەن دادوەرەکانەوە هەڕەشەیان لێکرابوو کە ئەگەر دان بە هەموو شتێك‌دا نەنێن، بۆ ماوەیەکی نادیار لە زیندان‌دا دەیانهێڵنەوە."

خۆیندکارانی جودابیرو خەباتگێڕ لە وتوویژێك‌دا لەتەك "ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ"دا، روونکردنەوەیەکی چڕوپڕیان سەبارەت بەو شکەنجە جەستەییانەی کە "لیباس شەخسییەکان"، ئەنساری حیزبوڵلاو هێزە ئیتلاعاتییەکان، دژی ئەوان بەکاریان هێنابوو، خستە بەردەم ڕێکخراوی ناوبراو. ئەم راپۆرتە نموونەگەلێکی جۆراوجۆری وەك: لێدان و داپلۆسین، زیندانیکردنی درێژخایەن لە حالەتی جەستەیی ناسروشتیی وەك: شەتەك‌دانی دەست و لاقەکان بە یەکەوەو شەقوەشاندن بە چەکمەی نیزامی، شۆڕکردنەوەو هەلواسینی زیندانییەکان بە لاق و بازوو، هەروەها هەڕەشەی ئیعدام لەوان، ئەگەر دان بەو تۆمەتانەدا نەنێن کەپێی تاوانبارکراون، لەخۆ گرتوە.

هەروەها ئەم راپۆرتە، کردەوەو چۆنیەتی هاوکاریی ڕێکخراوە ئەمنیەتییەکانی لەتەك لیباس شەخسییەکان و هێزی دادوەری لەخۆ گرتوەو ئاماژە بەوە دەکا کە دەزگای قەزایی، راستەوخۆ وەك بەرپرسی زیندانیکردن و ئەشکەنجەی جودابیران و رەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی، دەستنیشان کراوە. ئەم ڕێکخراوانە، زۆرجار بەشێوەی هاوتەریب (موازی) کار دەکەن و راپۆرتی کاری خۆیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەدەنەوە بەرێبەری مەزهەبیی رێزیم (واتە عەلیی خامنەیی).

زیندانیانی پێشوو جەختیان لەوە کردەوە کە "ئەندامانی ئەم هێزە هاوتەریبانە، وەك پیادە نیزامی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرپەرچدانەوەی جودابیران و رەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی، کار دەکەن و تا ئێستا نەبینراوەو نەبیسراوە کە لەلایەن کاربەدەستە حکوومەتییەکانەوە بۆ وەلامدانەوەی کارو کردەوەکانیان، بانگ کرابن."

"ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ"، لە راپۆرتەکەی خۆیدا، هاوکاریی "دادوەرەکان"ی لە ژووری لێکۆڵینەوەکان‌دا کە زۆربەی کات لە زیندانە شاردراوەکان‌دا ئەنجام دەدرێن، شی کردۆتەوە. ئەم "دادوەر"انە، لەکاتی لێکۆڵینەوە تۆقێنەرەکان‌دا ئامادە بوون و لە بڕێ کاتیش‌دا، خۆیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە لێکۆڵینەوەکان‌دا بەشدار بوون. ئەو دادوەرانە، داوایان لە زیندانییە سیاسییەکان کردوە کە دانپێدانانە درۆینەو زۆرەکییەکان ئیمزا بکەنو تەنانەت، خۆیان راستەوخۆ بۆ ئەو کارە، هەڕەشەیان لە زیندانییەکان کردوە. هەندێ لە بەرپرسەکانی دەزگای قەزایی، بەتایبەت "سەعید مورتەزەوی" کە لەسەر کورسیی دادستانی گشتیی تاران دانیشتووە، بەرپرسایەتیی خۆی کە بریتییە لە دادگاییکردنی دادپەروەرانە، وەلا ناوەو راستەوخۆ فەرمانی شکەنجەکردنی زیندانیانی سیاسیی دەرکردوە.

هەندێ لە زیندانیانی پێشوو گوتویانە "هەر کاتێ کە خوازیاری گرتنی پارێزەر بوون یان ویستوویانە کە پەروەندەکەیان رەوتی یاسایی خۆی ببڕێ، هەلسوکەوتی توندوتیژتریان لەتەك‌دا کراوە."

ئەم راپۆرتە داوا لە "یەکیەتیی ئورووپا" دەکا کە فشاری زیاتر بخاتە سەر ئێران بۆ ئەوەی ئەو رێژیمە هەنگاوی جیددیتر بۆ کۆتاییهێنان بە شکەنجەو توندوتیژینواندن دژی زیندانیان، هەلهێنێتەوەو، ئازادیی رادەربڕین لەو ولاتەدا جێگیر بکا. "سارا وێتسۆن" بەرێوەبەری لقی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و باکووری ئافریقای "ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ" لە هەڤپەیڤینێك‌دا رایگەیاند "دژکردەوەی یەکیەتیی ئورووپا بە رەوتی پێشێلبوونی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، بە قوولی نیگەرانی کردووین." ئەو، هەروەها گوتی "کاتی ئەوە هاتووە کە یەکیەتیی ئورووپا، ئازارو شکەنجە لە ئێراندا رەت کاتەوەو بە داڕشتنی پێوانەگەلێکی روونو گەلالەکردنی داواکاریی دەرهەست، داوا لە حکوومەتی ئەم ولاتە بکا کە لە کردەوەدا ئەو داخوازیانە پیادە بکا."

"ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ" لە کۆتایی راپۆرتەکەی خۆیدا، داوای لە حکوومەتی ئێران کرد "هەموو زیندانیانی سیاسی ئازاد بکاو بەخێراییو بەشێوەیەکی کاریگەر بەرگرتن بە ئەشکەنجە بخاتە قۆناغی کردەوەوە."

یادەوەریی دوو کەس لە زیندانیانی پێشوو:

حسین. ت ـ خوێندکارو چالاکی سیاسی:

"... ئەوان، بۆ جاری دووهەم، منیان بەرەو زیندانی ئێوین، کە ئیعدامی تێدا بەرێوە دەچوو، راپێچ کرد. سەرەتا، دەستەکانیان بەستو چاوبەستەکەمیان کردەوە. یەکێ لەوان گوتی: "بێژە بۆچی کەوتیتە درۆکردن؟ بڵێ چ کارگەلێکت کردوە؟ منیان بە لاق هەلواسیو سەرمیان خستە نێو کیسەیەکەوە، مشتێکیان سرەواندە چەناکەمو بەو هۆیەوە روخسارم دادڕاو خوێن وڕێ کەوت. کیسەیەك کە سەرمی تێدا بوو، بەشێوەیەك پڕ ببوو لە خوێن کە دلۆپەکانی دەڕژانە سەر زەوی. دوای ئەوە ئیتر، درێژەیان پێ نەدا. بۆ جاری دووهەم، بردمیانەوە ئەو جێگایەو ئەمجارە، لنگەو قووچ هەلیان واسیم. ئەوندەیان بە باتون تێسرەواندم کە دەستم شکاو لەسەر خۆ چووم. کاتێ کە هۆشیار بوومەوە، گوتیان: "ئەگەر دان بە درۆکانتا بنێی، لێدان و داپلۆسینەکە رادەگرین"، چیتر نەمدەتوانی قسە بکەم، ئەگەر ئیعتیرافم نەکرد، لەبەر ئازایەتی نەبوو، بەلکوو ئەوەندە بێهێز ببووم کە توانای قسەکردنم نەمابوو."

مەسعوود. ب ـ نووسەرو رۆژنامەڤان:

تێپەڕکردنی یەکەمین سەعاتەکانی زیندانی ئینفرادی زۆر دژوارە. چونکە تۆ هەرگیز لە ژیانتدا، ئەوەندە لە دیوارەکان نزیك نەبوبیتەوە. ناخوازی دانیشی، چونکە گەچ رژاوەتە سەر زەویو تۆ خووت بە دانیشتن لەسەر گەچ نەگرتووە. رادەوەستیو هەنگاو هەلدەهێنیتەوە، بەلام هێور هێور بەرچاوت رەش دەبێو دواتر پاڵ بە دیوارەکەوە دەدەیتەوە. دوای سێ ـ چوار سەعات قاچەکانت ماندوو دەبنو لە ئەنجام‌دا دادەنیشی. دواتر دەنگ هەلدەبڕیو هیچکەس دەنگت نابیسێ. لە سللوولی ئینفرادی‌دا، مووو نینۆکەکانت خێراتر درێژ دەبن. زۆرێ لە زیندانییەکان ئەیژن، ئینفرادی هەروەك "مردوو لە گۆڕ"دا دەنوێنێ. بیستبووم کە نینۆکەکانی مردوەکان لە گۆڕدا درێژ دەبن، ئەگەر شتێکم پێ بوو تا بیخوێنمەوە، چاویلکەکەمیان لێ ئەستاندبووم. ئەگەر چاویلکەشم لەگەڵ با، رۆشناییەکی پێویست بۆ خوێندنەوە، گیر نەکەوت.

***

هەر لەم پێوەندییەو، وەك دەزانن کە پێوەندییە بازرگانییەکانی نێوان یەکیەتیی ئورووپاو ئێران بە تەواوی شکلی نەگرتووەو، ئێمە وەك رابردوو دەولەتی ئێران دەخەینە ژێر فشارەوە[!!!!]. یەکیەتیی ئورووپا کردەوەیەکی تایبەتی دژی ئێرانی نەخستۆتە بەرنامەی کاریەوە [!!!! بێ لێکدانەوە]، بەلام بێگومان فشارەکانی خۆمان لەسەر کاربەدەستانی ئێران درێژە دەدەین" [!!!! ...].

بەم چەشنە "ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ"، پەردە لەسەر تاوان، سەرکوتو داپلۆسین لە ئێرانی ژێر ستەمی ئاخوندە دەسەلاتبەدەستەکان‌دا هەلدەداتەوە، لێ مەخابن! یەکیەتیی ئورووپا بە رووهەلمالراوییەوە ـ لەبەر دیدە تیژەکانی بیروڕای گشتیی ئێرانو جیهان ـ بەدەم ئاخوندەکانی ئێرانەوە دەخەنێ، خەندەیەك بۆ باخەوانانی گۆڕستان.

***

"ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ"، لە راپۆرتەکەی خۆیدا: ئازارە سیستماتیکەکان دژی زیندانیانی سیاسیو هەروەها دەستبەسەرکردنە خۆڕاییەکان، لە زیندان پەستاوتنی بێدادگایی، شکەنجە بۆ وەرگرتنی ئیعتیراف، لە زیندانی درێژماوە هێشتنەوەی زیندانیان بەشێوەی ئینفرادیو ئازارو ئەشکەنجەی جەستەییو دەروونی، بە بەلگەی روونەوە خستۆتە ڕوو.

ئەم راپۆرتە، هەروەها دەلێ: حکوومەتی ئێران تا مانگی ژوئەنی ٢٠٠٤، پێشی بە بلاوبوونەوەی زۆرترین ژمارەی رۆژنامە سەربەخۆکان گرتوە. لەم ماوەیەدا، هەندێ لە رۆژنامەڤان و نووسەرە ناودارەکانی ولات، هەلهاتوون و زۆرێك لە نووسەران و سیاسییە بەرجەستەکان، زیندانی کراون و سەدان کەس لە خۆیندکارە چالاکەکان لە درێژەدان بە چالاکییە سیاسییە ئاشتیخوازانەکانیان ترسێنراون.

"سارا لی وێتسۆن" بەرێوەبەری لقی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و باکووری ئافریقای "ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ" رایگەیاند: "ئەم ئیددیعایە کە ریفۆرم، کۆتایی بە ئەشکەنجە لە ئێراندا هێناوە، فڕی بەسەر راستییەوە نیە. ئەو هەروەها گوتی: "ئێستا، رۆژنامەڤانان، روناکبیران و سیاسییە چالاکەکان، زیاتر لە هەر کاتێ لە رەخنەگرتن لە حکوومەت واقیان وڕ ماوە."

راپۆرتێك لەسەر کۆتایی‌هاتنی ١٥٨مین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٤ شەممە ڕێکەوتی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی، پۆلێکی دیکە لە لاوانی کوردستان دەورەی سەرەتایی‌یان لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تەواو کردو بەڕەسمی لە ریزی تێکۆشەرانی حیزبدا جێگیر بوون.

لە ڕێوڕەسمێکدا کە بەبۆنەی کۆتایی‌هاتنی ١٥٨هەمین دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزبدا بەڕێوە چوو، هاوڕێی بەڕێز کاك **محەممەد** شەهرەوان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هەیئەتی نوێنەرایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی، کادرو پێشمەرگەکانی فێرگەو دەیان کەسی دیکە لە تێکۆشەرانی حیزب و بنەماڵەکانیان و لاوانی بەشدار لە دەورەکەدا بەشدار بوون، کۆتایی‌هاتنی دەورەکە ڕاگەیەندراو پێشمەرگە سەرکەوتووو نموونەکان بە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە ناسێندران.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی **"ئەی ڕەقیب"** دەستی پێ کرد. پاشان هاوڕێی بەڕێز کاك **محەممەد** شەهرەوان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەم بۆنەیەوە چەند وتەیەکی پێشکەش بە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا یەکێك لە مامۆستایانی فێرگە ڕاپۆرتی بەرنامەو کارو تێکۆشانی فێرگەی پێشکەش کرد. دواتر بەشدارێکی دەورەکە بە نوێنەرایەتی لەلایەن هاوڕێیانیەوە پەیامی کۆتایی دەورەی پێشکەش کردو لە پەیامەکەیدا سوپاسی بەرپرس و مامۆستایانی فێرگەی کرد بۆ هەوڵو تێکۆشانیان لە پێناوی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی لاوانی کوردستانی ئێران لە ریزەکانی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا. پاشان هاوڕێیانی بەڕێز کاك حەمدی حوسەینی و کاك مستەفای مەعرووفی کادرو مامۆستای فێرگەی سیاسی ـ نیزامی خەڵاتیان بەسەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەکەدا دابەش کرد.

پێشکەشکرانی چەند گۆرانی لەلایەن بەشدارانی دەورەوە بە هاوکاری کۆڕی هونەریی حیزب و چەند پارچە شێعرێك کە لە لایەن بەشدارانی دەورەوە ئامادە کرابوو، بوون بە نێوتاخنی ڕێوڕەسمەکە.

بەشێك لە قسەکانی بەڕێز کاك محەممەد شەهرەوان:

خۆشك و برایانی خۆشەویست! هاوڕێیانی تێکۆشەر! بە گەرمی بەخێرهاتنتان دەکەم

جارێکی دیکە لێرە کۆ بووینەوە بۆ ئەوەی کۆتایی دەورەی ١٥٨ی فێرگەی سیاسی ـ نیزامی جێژن بگرین و هەروەها ڕێز لە زەحمەت و ماندووبوونی بەرپرسان و مامۆستایانی خۆشەویستی فێرگە بگرین.

ئاشکرایە کە ئەم پۆلە جەوانە لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان کە ریزی پڕ لە شانازیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی داگیرکەرو ئازادی هەڵبژاردوە، بێگومان ئەو پۆلە لە هاوڕێیان بە هەستێکی زۆر پاك و کوردانەوە ئەو ڕێگایەیان هەڵبژاردوە، هیوادارم ئەو هەستە پاك و کوردانەیان تەبدیل بکەن بە مەنتیقی سیاسی و شۆڕشگێرانە بۆ ئەوەی بتوانن زیاتر خزمەت بە حیزب و گەلەکەیان بکەن.

...کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستاش گوێی نەداوەتە ویست و داخوازەکانی خەڵکی ئێران. سەرکوتی ئازادیخوازان و گرتن و زیندانی‌کردنی روونا‌کبیران و قەڵەم بە دەستان، بەو حاڵەش ڕوونا‌کبیران و لاوان و خەڵك بە گشتی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان کۆڵیان نەداوە. خەڵکی ئێران ترس و سامیان لە ڕێژیم شکاوە، زۆر روونتر لە جاران داخوازەکانیان دێننە گۆڕێ، درۆشمی ئێستای خەڵکی ئێران ڕووی لە تەواوەتی نیزامە، درۆشمی ریفراندۆم. نووسینی نامەی دوکتور قاسمی شوعلەسەعدی بۆ خامەنەیی، ئەکبەری گەنجی، عەبدوڵلا نووری و زۆر نامەی دیکەش. کێشەی ئەمریکا و ئێران لە سەر مەسەلەی دەوڵەمەندکردنی ئورانیۆم بە دزی‌یەوە، ناردنی تیرۆریست لە ئێرانەوە بۆ عێراق بە دژی ئەمریکا و زۆر کێشەو مەسایلی دیکەش کە لێرەدا ناکرێ باسی بکەین. خەباتی ڕەوای کورد بەگشتی لە هەموو پارچەکان ڕوو لە گەشەکردنە. خەبات و قوربانی‌دانی گەلی کورد ئیدی لە چوارچێوەی تەسکی چوار وڵاتی کوردنشینەدا نەماوەتەوە، ئێستا لە دنیادا ناسراوەو هەموو قارەکانی بڕیوە.

هاوڕێیانی دەورەی ١٥٨ی فێرگە! ئێوە دەچنە ئورگانەکانی دیکەی حیزبی، هیوادارم ئەو نەزمو دیسیپلینەی کە لێرە هەڵتان گرتوە لەوێش هەروا بمێنێتەوەو ئەرکو وەزیفەی سەر شانتان بە جوانی بەڕێوە بەرن. جارێکی دیکە پیرۆزبایتان لێدەکەمو هەر سەرکەوتوو بن.

بڕووخێ ڕێژەی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران
سەرکەوێ خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

❊ ❊ ❊

درێژەی لاپەڕەی ٨

(کێشەی نەتەوایەتی و شوێنگەی لە جیهانی نوێدا)

هەیە. بەڵام دێموکراسی لەسەر کۆ نەکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندا، جڵەوگرتنی دەسەڵات، پلۆرالیزم و بەشداری پێ دادەگرێ."[١٦]

لە شوێندانانەکانی‌تری بەجیهانیبوون ئەوەیە کە خەڵك داواکارن پێوەندیی ڕاستەوخۆ ـ بەبی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەندی ـ لەگەڵ دەرەوە بگرن. بەتایبەت لەبارەی نەتەوە بندەستەکانەوە ئەم توانایە لە دەست پرۆپاگەندەی دەسەڵاتەوە رزگاریان دەکا و ئەو هەلەیان بۆ دەڕەخسێنێ کە لە جیهانی ڕوو لە گۆڕانی ئەمڕۆدا شوناس و فەرهەنگی خۆیان بە دنیا بناسێنن.

"گواستنەوەی زانیاری لە ڕێگای کامپیۆتێرەوە، بڵاوکردنەوەی بەرنامەگەلی ڕادیۆیی، بەرنامەگەلی ماهوارەیی و پەیڤینی تەلەفۆنی لە بازگەی گومرکدا قەتیس نابن. جیا لەوە ئەم پێوەندی‌گرتنانە (تا) وەها خێرا بەڕێوە دەچن کە چاوەدێریی دەوڵەت بۆ زانین دژوار دەکەنەوەو (ب) ئەوەندە بەزۆری بەڕێوە دەچن کە دەوڵەتەکان بە زیادکردنی تواناکانیان ناتوانن بە تەواوی شوێنیان بگرن. ڕاگەیەنە گشتی‌یە ئەلکترۆنیکی‌یەکانیش لە دەسەڵاتی دەوڵەتان بەسەر پێکهاتەی زمان و فێرکردن و ڕاهێنانیان کەم کردۆتەوە."[١٧]

"وشیاریی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی بەشێك لەو وشیاریی زانیاریی‌یانە دەبێ کە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەو هێزانەی کە لە ناوەند دوور دەکەونەوە."[١٨]

یەکێکی‌تر لەو هەلانەی بەجیهانیبوون بۆ نەتەوە بندەستەکانی دەڕەخسێنێ، ئەوەیە کە دەتوانن خواست و ویستەکانیان بەدەر لە دەسەڵاتی ناوەندی، لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکاندا بێنن ئاراوە.

"بزووتنەوەکانی قەومی ـ نەتەوەگەرا هەندێ جار کەڵکیان لە پێوەندی‌یە جیهانی‌یەکان بۆ بەرەوپێشبردنی داواکاریی مافەکانیان وەرگرتوە. ڕێکخراوی نەتەوەو گەلانی بێ‌نوێنەر لە کاتی دامەزرانی لە ساڵی ١٩٩١ەوە یارمەتیی ٥٠ کۆمەڵگای ئەندامی خۆی بۆ بەرەوپێشبردنی داواکاری‌یەکانیان داوە."[١٩]

بە سەرنجدان بەوەی کە گوترا، لە وڵاتێکی وەك ئێراندا کە هەموو کات ویستەکانی نەتەوە بندەستەکان پشتگوێ خراون و سەرکوت کراون، دیاردەی بەجیهانیبوون دەرگایەکیان بەرەو جیهانێکی‌تر بۆ دەکاتەوە کە لە گوشارەکان و سیاسەتە سەرکوتکەرانەکانی دەسەڵاتی ناوەندی رزگاریان دەبێ و ئامرازگەلێکی نوێ بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانیان وەدەست دێنن.

باشترین و گونجاوترین شێوەی پێکەوەژیانی ئەم نەتەوەگەلە لە جیهانی نوێدا، پێکەوەژیانی هاوتا و بێ سەروەریی یەکێکیان بەسەر ئەوانی‌ترداید و پێوەندییان پێوەندی‌یەکی هاوتەرازو ئاسۆیی‌یە کە شێوازە سیاسی‌یەکەی دەبێتە دامەزرانی نیزامێکی دێموکراتیك و فیدراڵ لە ئێراندا.

ژێدەر:

١ـ احمد گل‌محمدی" جهانی‌شدن، فرهنگ و هویت، ل ١١
٢ـ یان آرت شولت" نگاهی موشکافانه به پدیده جهانی‌شدن، ل ٥٠
٣ـ همان سەرچاوە، ل ٥٦
٤ـ سید محمد مهدی‌زاده" انقلاب ارتباطات، جامعه شبکه‌ای و ذهنیت و هویت ناپایدار
٥ـ دکتر مهدی محسنیان راد، ضرورت توجه به ارتباطات میان فرهنگی در جامعه ایران برای مواجهه صحیح با تحولات جامعه اطلاعاتی.
٦ـ یان آرت شولت" نگاهی موشکافانه...، ل ٢٠٢
٧ـ همان سەرچاوە
٨ـ دکتر مهدی محسنیان راد، ضرورت توجه به ارتباطات...
٩ـ گل محمدی، ل. ٧
١٠ـ دکتر مهدی محسنیان راد، ضرورت توجه به ارتباطات...
١١ـ همان سەرچاوە
١٢ـ فالك، ١٩٩٢
١٣ـ منصور ساعی، حقوق اقلیتها
١٤ـ گل محمدی، جهانی‌شدن، فرهنگ و هویت
١٥ـ منصور ساعی" حقوق اقلیتها
١٦ـ یان آرت شولت" نگاهی موشکافانه...، ل ١٧٠
١٧ـ همان سەرچاوە
١٨ـ دکتر مهدی محسنیان راد، ضرورت توجه به ارتباطات...
١٩ـ یان آرت شولت" نگاهی موشکافانه...، ل ٢١٠

❊ ❊ ❊

درێژەی لاپەڕەی ١:

محەممەد ئەلبەرادعی دوابەدوای پەسندکرانی بڕیارنامەی ئاژانسی وزەی ناوکی:

جیهان دەبێ لە ئاشتیخوازانەبوونی بەرنامە ناوکی‌یەکانی ئێران دڵنیا بێ

ئەو هەروەها گوتی: پەروەندەی ئێران دەبێ بدرێ بە شوورای هێمنایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

نوێنەری ئەمریکا سەبارەت بە بڕیارنامەی سێ وڵاتە ئورووپایی‌یەکەش گوتی: بڕیارنامەکە جارێکی دیکە پێدادەگرێتەوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سیاسەتی پشتگوێخستن و حاشاکردنی ئێران سەبارەت بە بەرنامە ناوکی‌یەکانی ڕەت دەکاتەوەو ڕەخنەی لە هەوڵەکانی ئەم وڵاتە بۆ دروست کردنی ئاستەنگ لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە بەرنامە ناوکی‌یەکانیدا گرت.

محەممەد ئەلبەرادعی لە قسەکانیدا هەروەها گوتی: دەبێ دڵنیا بین کە ئەم بەرنامانە لایەنی تاقیکاری و ئەزموونی‌یان هەیەو نیشانەیەك لە بەرنامەیەکی بەربڵاوی نهێنی نین

❊ ❊ ❊

درێژەی

(مەجلیسی شەشەم و کۆتایی تەمەنی)

زیاتر هەر ئەو یاسا نەنووسراوو سەرزارەکیانە لە جومعە بازاری کۆماری ئیسلامی‌دا کاریان پێدەکرێ کە پارێزەری بەرژەوەندی‌یەکانی ڕێژیمن. نوێنەرانی مەجلیسی شەشەم لە بیری سیاسەتی دوورکەوتنەوە لە ئاڵۆزی دابوون کە کارشکێنی قۆڵی موحافزەکار بەری بەوەش گرتو ئەوانەی سەر بە موحافیزەکاران بوون و لە ویلایەتی فەقیه دا توابوونەوە لەو بوارەشدا سەرکەوتن.

ب: بواری ئابووری

نوێنەرانی مەجلیسی شەشەم هێندێ هەوڵیان بۆ لەنێوبردنی کەموکوڕی‌یە ئابووری‌یەکان داو سەرنجیان دایە بەرهەمە نێوخۆیی‌یەکان و کەم کردنەوەی ڕێژەی ئاوسان و پێشگرتن بە چوونەسەری قیمەتەکان، بەڵام لەو بوارەشدا ناکام مانەوەو نەیانتوانی گرێ گوێرەی بواری ئابووری بکەنەوەو چەند هەنگاوێك بەرەوپێش بچن. تایبەتی‌کردنی کارخانەکان و شیرکەتە دەوڵەتی‌یەکانیش کە لە زەمانی سەرۆك کۆماریی ڕەفسەنجانی‌دا دەستی پێکردبوو بە دوور لە هەر پێناسەیەك کە لە ئاستی جیهانی‌دا لە تایبەتیکردن دەکرێ، لە فرۆشتنی ئەو کارخانەو شیرکەتانە بە کەسانی ژێرفەرمانی خامنەیی و خاتەمی ئەویش بە نرخێکی هەرزان بەرتەسك کرایەوە.

خاتەمی و مەجلیسی شەشەم، بەردەوام لەگەڵ ئابووری‌یەکی ڕووخاوو ئاوسانێکی سەرسووڕهێنەرو قەرزیی دەرەکی و نێوخۆیی بەردەوروو بوون کە بە قسەی کارناسانی ئابووری ئەو قەرزانە تا کۆتایی دەورەی سەرکۆماریی خاتەمی سەر لە ٣٥ میلیارد دولار دەدەن. ئەوەش لە حاڵێك دایە کە بە وتەی "مەجید ئەنساری" سەرۆکی کومیسیونی ئابووریی مەجلیس هەر ئێستا لە ئێراندا دەیان ئیسکلەی نادیار هەن کە داهات و دەرکەوتیان لە کونترۆڵی دەوڵەتدا نیە، بەڵکو لەدەست ژمارەیەك لە کەسانی "خودی" دایە. بەمجۆرە قسە کردن لە ئیسلاحی پێکهاتەی ئابووریی وڵاتێکی وەك ئێرانی ژێر فەرمانی موحافیزەکاران کارێکی بێهوودەو بێفایدەیە.

پ: بواری کۆمەڵایەتی

بە کۆتایی‌هاتنی دەورەی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانی و دەست بەکار بوونی خاتەمی، ئێران لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکانیشدا لەگەڵ گەلێك قەیران بەردەوروو بوو، کە لە هێندێ بواردا بە بەراورد لەگەڵ پێشوودا سەرسووڕهێنەر بوو. پەرەگرتنی مەوادی موخەددیرو گیرۆدەبوونی لاوان بە مەوادە ماڵوێرانکەرەو کڕین و فرۆشتنی لەنێوخەڵکدا، پەرەگرتنی فەحشا لەشارەگەورەکان و تەنانەت شارەچووکەکانیش و لەسەر شەقام و جادەکان، ڕاکردنی کچو کوڕانی لاو لە ماڵو بنەماڵە، گۆشەیەکی بچووکی ئەو قەیرانانەن کە زیاتر لە نەداری و بێکاری‌یەوە سەرچاوەیان گرتوە.

مەجلیسی شەشەم ئەگەر نەڵێین بەرانبەر بەمجۆرە مەسەلانە بێتەفاوەت بووە، لانیکەم دەکرێ بڵێین بەشێوەیەکی بەرچاو کەمتەرخەم بووەو لەو بارەشەوە لەگەڵ کارشکێنی و بەربەست بەردەوروو بووە.

فراکسیۆنی ژنان لە مەجلیس کە چەند گەڵاڵەیەکی لە پێوەندی لەگەڵ مافی بەرانبەریی ژن و پیاو لە بواری مافی دایکایەتی و ڕاگرتنی منداڵ تا تەمەنی ٧ ساڵی و گەڵاڵەی ناردنی کچانی خوێندکار بۆ دەرەوە بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن پێشکێش کرد، هەمووویان لەگەڵ دژایەتیی شوورای نیگابان بەردەوروو بوون و بە دژی شەرع و یاسای ئیسلامی لە قەڵەم دران.

ژ: بواری فەرهەنگی

هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، لە زەمانی وەزارەتی عەتائوڵلا موهاجیرانی‌دا دەلاقەیەکی بچووك بۆ چاپو بڵاوکردنەوەی کتێبو ڕۆژنامەو گۆڤار کرایەوەو مەجلیس چەند گەڵاڵەیەکی پشکنینی دامودەزگاکانی ژێر چاوەدێریی ڕێبەر، یەك لەوان ڕادیۆو تەلەویزیۆنی پێشنیار کرد، بەڵام شوورای نیگابان بەو بیانوویە کە مەجلیس مافی لێپرسینەوە لەو دامودەزگایانەی نیە، ڕێگای بەو هەنگاوە گرتو بە کردەوە مەجلیسی لە بواری فەرهەنگییشدا ناکام هێشتەوە.

بە دەست بەکار بوونی مەجلیسی شەشەم، ژمارەیەك لە نوێنەرانی کورد بۆ پێکهێنانی "فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد" لە مەجلیس هەنگاویان نا. هەرچەند زۆربەی داواکاری‌یەکانی ئەم نوێنەرانە لە پێوەندی لەگەڵ جێبەجێ کردنی ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی‌دا دەخولانەوە ـ کە بە پێی ئەو ئەسڵە زمانی کوردی ڕێگای پێ‌دراوە لە پەنا زمانی فارسی‌دا لە ناوچە کوردنشینەکان بۆ خوێندنو نووسین کەڵکی لێوەربگیرێ ـ بەو حاڵە ڕێبەرانی ڕێژیم ئەو مافە یاسایی‌یەشیان لەبیر کردو پێشێل کردو تەنانەت دوو واحیدی دەرسی ئیختیاریی زمانی کوردیش کە قەرار بوو لە زانکۆ بخوێندرێ بە بیانووی نەبوونی مامۆستاو ئیمکانات!!! پشت گوێ خرا.

لە خۆڕا نیە کە حیزبی دیموکراتو ڕێبەری نەمر دوکتور قاسملوو هەمیشە گوتوویانە کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نابێ هیچ چاوەڕوانی‌و گۆڕانکاری‌یەك بە قازانجی ئازادی‌و مافە ڕەواکانی خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە ئازادی‌کوژە بکرێ.

❊ ❊ ❊

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 391 20 June 2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕاوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

ماڵپەڕی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران:
www.rdki.com

کۆڕێك بۆ ڕێزلێنان لە هونەرمەندێکی حەیرانبێژو شمشاڵژەن

دوای هەوڵو ماندووبوونێکی زۆر، سەرەنجام کۆڕی فەرهەنگی‌و هونەریی شاری سەردەشت بە یارمەتی‌و پشتگیریی دڵسۆزانی هونەرو کلتوری کوردی توانی کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ هونەرمەندی حەیرانبێژو شمشاڵژەنی کورد، خدر قادری پێك بێنێ.

ئەو کۆڕە کە لەودا ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی‌یە هونەری‌و فەهەنگی‌یەکانی کوردستان لەوانە کەریم کابان، ئەنوەر قەرەداخی، ڕەزا عەبدوڵڵا، کارزان مەحموود، عەزیز شارۆخ، خەبات مەولوودی، جەلال ڕەحیمی، عەلی عابدی، عەبدولخالق یەعقووبی، ڕەهبەر مەحموودزادە، ئەحمەد خانی، فەرەیدوون حەکیمزادە، کامران نیکپەی، شێخ واحید تاهیری‌و هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هونەردۆستی شاری سەردەشت‌و پەیامنێرانی ژمارەیەك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی لە نێو ئەوان دا کاناڵی ئاسمانیی کوردسات بەشدار بوون، ڕۆژی چوارشەممۆ ٢٠ی جۆزەردان بەڕێوەچوو.

لەو کۆڕی ڕێزلێنانەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە شارەزایانی هونەرو کلتوری کوردی لەسەر کەسایەتیی هونەری هونەرمەندو گرنگی‌و گرنگیپێدان بە هونەری ڕەسەنی کوردی، وتارو بابەتیان پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆڕەدا هونەرمەند خدر قادری، بە شێوەیەکی لێزانانە لەسەر حەیران، لاوك، پایزە، ئازیزە، گەلۆ، باڵۆرەو بەیتی کوردو هونەری شمشاڵژەنی دواو سەرنج بەشداربووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ئەم کۆڕە دوای شەش سەعات کاری بەردەوام کۆتایی پێهات.

مالاوایی ئەمریکایی‌یەکان لە "ڕەیگان"

حەوتوویەك دوای کۆچی دوایی ڕەیگان، سەرۆك کۆماری پێشووی ئەمریکا، دوای بەڕێوەچوونی ڕێورەسمێکی فەرمی لە شاری واشینگتۆن بە بەشداریی کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی ئەمریکاو جیهان، تەرمی ناوبراو بۆ بەخاك سپاردن لە شوێنی کتێبخانەکەی لە کالیفۆرنیا گوێزرایەوە.

ڕێبەرانی ئێستاو پێشووی جیهان ڕۆژی هەینی (١١ی ژوئەن) لە هەوایەکی بارانی‌دا بۆ بەشداری لە ڕێورەسمی بەڕێکردنی تەرمی ئەو لە شاری واشینگتۆن کۆبوونەوە.

جۆرج بووش، سەرۆك کۆماری ئەمریکا، لە ڕێورەسمێك دا کە لە کلیسای نەتەوەیی شاری واشینگتۆن بەڕێوەچوو، گوتی ئاغای ڕەیگان لە یەکێك لە گرنگترین دەیەکانی مێژووی سەدەی بیستەمی جیهان دا ئەمریکای ڕێبەری کرد. ئەو گوتی ڕۆنالد ڕەیگان پیاوێك بوو کە وەری پۆزەتیڤی لەگەڵ کردەوەی بوێرانەو ئیدامەکاری تێکەڵ دەکرد.

هەروەها مارگارێت تاچێر، سەرۆك وەزیری پێشووی بریتانیا، لەو قسانەی‌دا کە پێشتر تۆمار کرابوو گوتی کە ئاغای ڕەیگان لە سەردەمێك دا کە زۆر کەس پێی‌وابوو ڕۆژئاوا ڕووەوشکانە، وەری بە ڕۆژئاوا دا.

چوار لە سەرۆك کۆمارەکانی پێشووی ئەمریکا کە ئێستاش لە ژیان دان، هاوسەری ئاغای ڕەیگان، ئەندامانی پایەبەرزی دەوڵەتی ئێستای ئەمریکا، زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرەو ژمارەیەك لە ڕێبەرانی وڵاتانی دەرەکیش لەو ڕێورەسمەدا ئامادە بوون.

ئاغای ڕەیگان کە ماوەی دە ساڵ بوو تووشی نەخۆشیی ئالزایمێر ببوو، ڕۆژی شەممۆ (٥ی ژوئەن) لە تەمەنی ٩٣ ساڵی‌دا لە کالیفۆرنیا کۆچی دوایی کرد.

شیاوی باسە کە لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی لیندۆن جانسۆنەوە لە ساڵی ١٩٧٣دا، ڕێورەسمی تا ئەو ڕادەیە گەورەو بەربڵاو بەڕێوە نەچووە.

تەرمی ڕەیگان ڕۆژی هەینی (١١ی ژوئەن) لە باخچەی کتێبخانەکەی‌دا بەخاك سپێردرا.

گۆانیبیژێکی ئەفسانەیی، ڕەی چارلز کۆچی دوایی کرد

ڕەی چارلز مامۆستای ئەفسانەیی شێوازی موسیقیی ئار.ئەند.بی (Rhythm — and— Blues) لە تەمەنی ٧٣ ساڵی‌دا لە لۆس ئانجێلس کۆچی دوایی کرد.

چارلز کە لە تەمەنی ٦ ساڵی‌یەوە نابینا بووە، لە ساڵێك لەوە پێشەوە لە نێو خەڵك دا وەدیار نەکەوتوە. ئەو بە هۆی ئەو گیروگرفتانەی دوای نەشتەرگەریی لاقی بۆ پێك هاتبوو ناچار بوو کۆنسێرتی مانگێك پێشتری خۆی لە نیۆیۆرك هەڵوەشێنێتەوە.

ڕەی چارلز سەرەڕای ئەوەی تووشی نەخۆشی ببوو، لەم دواییانەدا خەریکی بەرهەمهێنانی ئاڵبۆمێکی دوو دەنگی بوو بە هاوکاریی گۆرانیبێژەکانی وەك ئەلتۆن جان، نوورا جونزو جانی ماتیس.

چارلز مامۆستای بێئەملاو ئەولای موسیقیی سول (Soul) بوو و گۆرانی‌یە پڕلایەنگرەکانی وەك "هەستو بیری من جۆرجیا" (Georgia My Mind)و "ناتوانم خۆشم نەوێی" (I con't stop Loving You) لە دوای خۆی بە یادگار بەجێ هێشتن.

ئەو کە براوەی ١٢ خەڵاتی بەبایەخە، دەهەزارەمین کۆنسێرتی خۆی ڕۆژی ٢٣ی مانگی مای ٢٠٠٣ لە لۆس ئانجلیس بەڕێوەبرد.

هونەر دوای لەبەریەك هەڵوەشانی کۆمۆنیزم

ماوەیەك لەمەوبەر لە بێرلین پێتەختی کۆماری فیدراڵی ئاڵمان کۆنگرەی هونەرو فەرهەنگ دوای لەبەریەك هەڵوەشانی کۆمۆنیزم لە بلووکی ڕۆژئاوا دەستی بە کار کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا کە تا ڕۆژی شەممۆ (١٢ی ژوئەن) درێژەی کێشا، زانایانو هونەرمەندانی ژمارەیەك لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات سەبارەت بە هونەر لەو کۆمەڵگایانەدا کە سیستمی کۆمۆنیستی‌یان بەجێ هێشتوە، باسو گفتگۆیان کرد.

ئورووپای ڕۆژهەڵات لە قۆناغی تێپەڕین لە کۆمۆنیسمەوە بۆ سەرمایەداری دایە. بوریس گرۆیس سەرپەرستی بەرنامەو پرۆفسۆر لە لقەکانی هونەرو فەلسەفەی زانکۆی کارسوهە لەم پێوەندی‌یەدا لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هونەرمەندانی ئورووپای ڕۆژهەڵات تێدەکۆشن سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆمۆنیزم وەك ڕاوەستانێك لە ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگادا لەقەڵەم بدەنو لەو ڕووەوە تا ئێستا باس لە ویستی گەورەی خۆیان بۆ گێڕانەوەی ئەو شتە دەکەن کە لەو ماوەی ڕاوستانەدا لە دەستیان داوە.

بە پێچەوانەی وڵاتانی بلووکی ڕۆژهەڵات، ئاڵمانی. ڕۆژهەڵات زۆر زوو لەگەڵ ڕۆژئاوادا ئاوێتە بوو و هونەرمەندانی ئەوێش ناچار بوون هەرچی زووتر خۆیان لەگەڵ بازاڕی هونەری ڕۆژئاوا هاوئاهەنگ بکەن. بوریس گرۆیس پێی وایە هونەر لە ڕۆژئاوادا بازاڕی یان ڕەخنەگرانەیە. ئەوە لەحاڵێك دایە کە هونەرمەندانی ئورووپای ڕۆژهەڵات بەپێچەوانە، ئێستاش‌و پاش ڕووخانیش لەگەڵ خەیاڵەکانیاندا کار دەکەن‌و خەریکی ئەوەن کە پێیان خۆشە وابێ یا وای لێبێ.

بەڵام خۆخەریك کردن بە خەیاڵەوە لەو جێگایە کە پێویستی‌یەك پێی نیە، ڕووخسارێکی تەنزئامێز بە خۆیەوە دەگرێ.

وەك گرۆیس دەڵێ، تاقمێك بە شوێن وێکچووەکانەوەو تاقمێکیش بە شوێن جیاوازی‌یەکانی دوێنی لەگەڵ ئەمڕۆوەن. ئەو دەڵێ: ئەوەی ئێستا گالری‌یەکانی مسکۆ نیشانی دەدەن، ڕاستەوخۆ درێژکراوەی ئەو ڕەوتەیە کە لە ساڵەکانی دەیەی حەفتادا نیشان دەدران‌و لەو کاتەوە تا ئێستا گۆڕانکاری‌یەکی بەرچاو بۆ هونەرمەندان نەهاتۆتە دی. نە بازاڕێکی هونەری هەیەو نە ڕێبازێکی هونەری بە مانا ڕاستەقینەکەی.

گرۆیس لەو بڕوایەدایە کە ئەگەرچی نەخشی کۆمەڵایەتی گۆڕاوەو بە شێوەیەکی دیکەیە، بەڵام ئەوەی کە لە چوارچێوەی هونەردا دەبینرێ هەروەك سەردەمی ئاوانگاردە. بەم واتایە کە کۆمەڵگا بە شوێن پێشڕەودا ڕادەکا. بەو جیاوازی‌یەوە کە دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە بلووکی ڕۆژهەڵات بە خێرایی‌یەك لە هەڵدان دان کە ئاوانگارد ناتوانێ ئەو ڕێبەریی بکا. ئاوانگارد تەنیا بۆتە ئاوێنەیەك بۆ ڕەنگدانەوەی گەشەکردن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی DW



پەیڤێك بۆ مەزنایەتیی ژنی کورد، لەیلا زانا

بەر لەماڵاوایی

عەولا. بەهرامی

لەم دیو میلەکانی بەندیخانەی ڕەگەزپەرستی‌و کەمالیسمەوە، سلاوی ئاشتی‌و ئازادی، ڕۆژ باش. مزگێنی لە ڕەنگی سوورو سپی‌و سەوزو خۆری ئاڵامان کە ژنانو پیاوانی کورد جەللادو بەندیخانەی زۆرداریان بەزاندو هەیەتیی خۆیان‌و نەتەوەکەیان سەلماندەوەو گوتاری سەربەستی‌و ئازادیخوازیی‌و حەقیقەتی کوردبوونمانیان گەیاندە بارەگای ویژدانی باکژو عەقڵانییەتی ئازادی‌و مرۆڤ تەوەر.

***

ئەو کاتەی ئامادەبوونی کوردانەت لە پارلمانی تورکیەو وشەی کوردیت هاواری پارلمانتێرە کەمالیستەکانی بەرز کردەوەو وای لێکردن جوێن بدەن‌و بە مست لە مێزەکەی بەردەمیان بدەن، کاتێکی خۆش‌و زێڕین بوو بۆ کوردان. ئەو ڕۆژە تەنیا وشە یان ڕستەیەکی تۆ بەس بوو بۆ ئەوەی پیلان‌و کردەوەو سیاسەتی ٨٠ ساڵەی دەسەڵاتدارە شۆڤێنیستەکانی تورکیە تووشی شکست‌و ڕیسوایی بکا. وشەو پەیڤی کوردیی تۆ بەس بوون بۆ ناساندنی نەتەوەیەکی حاشالێکراوو بەڕواڵەت بێناسنامەکراو. ئەوە لەم سەردەمە هەرەگرنگەی مێژوودا (کە پانتورکیستەکان تێی نەدەگەیشتن) بەس بوو بۆ خستنەڕوو و ناساندنی نەتەوەیەکی ژێردەستەو پارچەپارچەکراوو هەر لەو کاتەش دا ئەمە سەرەتایەکی سەرکەوتوو و زێڕینیش بوو بۆ ژیانەوەی نەتەوەیی، بە تایبەت لە کوردستانی تورکیەدا.

بەندکرانیشت لەلایەن کەمالیستەکانەوە نەك هەر سەرکەوتن نەبوو بۆ ئەوان، بەڵکوو ڕاست بەپێچەوانە، چونکە تۆ هەڵگری بیرێکی ڕاستەقینە بووی‌و پەیامێکی عەقڵانی‌و سەردەمیانە لە هەناوو بیری تۆدا بوو کە بەندکردنی تۆ بە هیچ شێوەیەك نەی‌توانی پەردەی ڕەشی نەدیتن‌و لەبیرچوونی بەسەردا بکێشێ. لە بەرانبەردا بەندکردنی تۆو هاوبیرەکانت ڕاستی‌یەکی زەق‌و حاشاهەڵنەگری سەلماند کە ئەویش بریتی بوو لە ڕاست‌و ڕاستەقینەبوونی پەیام‌و هزری تۆ لەلایەك‌و لەلایەکی دیکەوە نێوەڕۆکی پانتورکیانەو زۆردارنەی دەسەڵاتدارە کەمالیستەکان سەبارەت بە کوردو ویستە ڕەواکانی.

بەندکرانی تۆو هاوبیرانت ململانێیەکی لێکەوتەوە کە پێی دەڵێن ململانێی ئازادی‌و شارستانییەت لەگەڵ فاشیزم. دیتمان لە کۆتاییش دا ئەوە فاشیزم بوو کە هەروەك چاوەڕوان دەکرا، پاشەکشەی کردو ئێوەش وەك هەڵگرانی بیری ئازادو شارستانییەت سەرکەوتن‌و سەربەرزیتان بۆ دیاریی هێنایە.

تۆ مەزنیت بە مەزنایەتیی ئەو گوتارە کە هەڵتگرتوەو نوێنەرایەتیی دەکەی. مەزنی‌و سەردەمیانەبوونی گوتارەکەت‌و ئەو بوێری‌یە بڵندبالایەشت بۆتە هۆی ئەوە کە دنیای پێشکەوتوو لە پێش بەرژەوەندی‌یەکانی دەوڵەتەکانیەوە ڕەواییت پێ ببەخشێ‌و وەك یەکەمین ژنەکورد بتکاتە خاوەنی خەڵاتە گرنگەکانی جیهانی پێشکەوتوو. بەڵام من لەوەش بەرەوژوورتر دەتبینم، تۆ ئەو ژنە خەباتێگێڕە کوردەی کە شیاوی ئەوەی گەورەترین خەڵاتەکانی ئاشتی‌و مرۆڤپەروەری‌و ئازادیخوازیت بە ناوەوە بکرێ یان خۆمانەتر لەوانە خەڵاتی ئاشتی‌و ئازادیی کوردستانت بە ناوەوە بکرێ، تا وەکوو هەموو ژنانو پیاوانی خەباتگێڕی کورد بە شانازی‌یەوە خۆ بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکەت ئامادە بکەن‌و بۆ پێبڕانی شانازی‌یەکی هێندە مەزن لەگەڵ یەکدی بکەونە پێشبڕکێ لە خزمەت بە ئاشتی‌و ڕزگاریی کوردستان. تۆ ئەو ژنە کوردەی کە بۆ یەکەمجار مەزنایەتی‌و گەورەیی دێرین ساڵەی دەیان‌و سەدان حەپسەو مەستوورەو عادلەو لەیلاو میناو ئەختەرت لە بێدەنگیی مێژوومانەوە زیندوو کردەوەو گەیاندتە سەردەمی بەجیهانیبوون‌و بەم کارە گەورەیەشت سەرجەم شانازی‌یەکانی ژنی کوردت خستە بەرچاوی دنیای پێشکەوتنخواز.

لەیلا! من ڕۆژێك لە ڕۆژی لەدایکبوونی ژنەکوردێکی وەك تۆ بە شیاوتر نازانم تا لەو کیانە خۆشەویستەی لە خەیاڵم دایەو دووریش نیە ببێتە ڕاستی لە ژێر دەسەڵاتی میرەژن یان پیاوێکی کوردستانپەروەردا بە "ڕۆژی ژنی کورد"ی دیاری بکەم. دڵنیاشم لەم ڕایەم دا هەموو ژنانو پیاوانی ئازادیخوازو کوردپەروەری کورد هاوڕامن.

لە کۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم: لە خەندەی ئازادبوونت دا خەندەی سەربەستیی نەتەوەکەمان بەدی دەکەم.